# ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەر لە ڕۆمانی "شەوانی ئادەم"ی بەیان سەلماندا

مەریوان عومەر حسن[1] - ئاشتی حسین عارف[2]

[1]بەشـــی زمانی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشـــی کوردی، کۆلێژی پەروەردە و زمـان، زانکۆی چەرمو، چەمچەماڵ، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

بێگومان کارەکتەر لە دەقی ڕۆماندا پانتاییەکی فراوان داگیردەکـات، بەبێ کـارەکتەر ڕۆمـان چێنـابێـت، کـارەکتەریش لە چەنـد ڕەهەنـدێـک پێکدێـت، ڕەهەنـدەکـان بە هەمو جۆرەکـانییەوە ڕۆڵی گرنگیان لە بونیادی کارەکتەردا هەیە، ئەم تـوێـژینـەوەیە هەوڵـێکە بـۆ شـــیـکـردنەوەی ڕەهەنـدەکـانی بـونـیـادی کـارەکـتەر لەنـێو ڕۆمانەکەدا، لەبەر ڕۆشـــنایی میتۆدی "پەســـنی شیکاری"دا ئەنجامدراوە.

توێژینەوەکە لە دو بەش پێکهاتوە؛ لە بەشـــی یەکەمدا بە ناونیشـــانی "تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوە" کە پێکـدێـت لە "چەمکی ڕەهەنـد، چەمکی کارەکتەر، بونیادی کارەکتەر، جۆرەکانی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا "باسـکراوە، لە بەشـــی دوەمدا بە ناونیشـــانی "ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەر لەناو ڕۆمانەکەدا"، جۆرەکانی ڕەهەندی کارەکتەر لەناو ڕۆمانەکەدا خراوەتەڕو.

**کلیلە وشەکان:** ڕەهەند، بونیاد، کارەکتەر.

## Article Info

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(3).Paper1
**Received:** 26-July-2022
**Accepted:** 29-Aug-2022
**Published:** 29-Sep-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
mariwan.hassan@univsul.edu.iq
ashti.hussein@charmouniversity.org
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## بەشی یەکەم:

## تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

### ١-١- چەمکی ڕەهەند

وشەی ڕەهەند لە زمانی کوردیدا بەرانبەر بە وشەی "dimension"ی ئینگلیزییە کە بە واتای "دوری، مەودا" دێت، هەروەها بەرانبەر بە "بعد"ی عەرەبی کە بە واتای "دوری"دێت بەکاردێت، لە فەرهەنگی "هەنبانەبۆرینە"دا وشەی ڕەهەند بە واتای "خەندەک، ڕێگەی بەژێرزەویدا لێدان، ئاوەڕۆ" هاتوە. (هەژار،١٣٨١، ٣٦٤) هەروەها لە فەرهەنگی "ڕێژگە"دا ڕەهەند بە واتای "لا، ئالی، گۆشە" هاتوە، (گەیلانی، ٢٠٢١، ٢٨٢)، لە زانستە مرۆییەکاندا ڕەهەند واتای جۆرێکە لە دیاریکردنی گۆشە و لایەن و مەدلول و واتا جیاوازەکانی شتێک. لەناو دەقی ئەدەبی و بەتایبەتیش ڕۆماندا "جەوهەر شێخانی" لە "بونیادی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی 'حسێن عارف'"دا وشەی ڕەهەندی بۆ پێکهاتەی لایەنەکانی کارەکتەرە بەکارهێناوە. (شێخانی، ٢٠١٢، ٢٩)، کەواتە وشەی ڕەهەند پێکهاتەی لایەنەکانی کارەکتەر دەگرێتەوە، وەک: ڕەهەندی جەستەیی، ڕەهەندی دەرونی، ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندی هزری... هتد، چونکە بونیادی کارەکتەر پێویستی بە چەند ڕەهەندێک هەیە تاکو جەستەیەکی زیندو بخرێتە سەر ڕوداوەکان و بخرێتەبەر دیدی خوێنەر، جەستەیەکی زیندو نەک بە واتای هەناسەدان و گیانلەبەربونی کارەکتەر، بەڵکو زیندو بە واتای بەرجەستەبونی لە بەرچاو و هزری خوێنەردا، بە جۆرێک وێنەبکێشرێت تا خوێنەر بەئاسانی و بەئاسایی هەستی پێبکات و بتوانێت بەجۆرێک لە جۆرەکان لە خەیاڵی خۆیدا وێنەی بکات. (شێخانی، ٢٠١٢، ٢٥).

### ١-٢- چەمکی کارەکتەر

"کارەکتەر زاراوەیەکە لە جیهانی شانۆوە هاتوەتە ناو دنیای ڕۆمانەوە، وشەی "Character" ئینگلیزییە و بە واتای ئەو کەسە دێت کە ڕۆڵێک لەسەر تەختی شانۆ دەنوێنێت، هەروەها لە زمانی کوردیدا بەتایبەت لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی و ڕەخنەی شانۆیی و دەروونناسیدا بۆ زاراوەی کەسێتی بەکاردێت." (ئیبراهیم، ٢٠١٦، ٢٤). هەروەها لە زمانی عەرەبییشدا زاراوەی "الشخصية" بەکاردێت کە واتای کەسێتی دەگەیەنێت.

هەرچی دەربارەی کارەکتەرسازییە لە دەقی ڕۆماندا، "بوشرا کەسنەزانی" دەڵێت: "کەسێتی سازی مەبەست لێی ئەفراندنی کەسێتییەکانی ڕۆمانە، کە نوسەر هەریەکێکیان بە تایبەتمەندی ئاکاری و گیانی دیاریکراو لە دنیای چیرۆک و شانۆنامەدا دروستدەکات." (کەسنەزانی، ٢٠١٢، ١٢٢)، واتە کارەکتەرسازی هەمو ئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە دەتوانرێت لە هەمو ڕەهەندەکانەوە بەوردی لە ژیانی کارەکتەردا بزانرێت، لە پاڵیدا پێناسی تایبەتی هەر کارەکتەرێک لەناو دەقی ڕۆماندا دروستدەکەن.

لە پێناسەی بونیادگەرەکاندا بۆ کارەکتەر، ئەوان وەک دیاردەیەکی زمانی دەڕواننە ئەم ڕەگەزەی ڕۆمان، "فۆستەر" لەو باوەڕەدایە "کارەکتەر بارستەیەک وشەیە ڕۆماننوس سازیدەکات و ناوی لێدەنێت و ڕەگەزی دیاریدەکات، هەروەها شێوەی شیاوی بۆ هەڵدەبژرێت و وای لێدەکات بدوێت و بەشێوەیەکی ڕێکوپێک

هەڵسوکەوتیکات." (فوستر، ١٩٩٤، ٣٧)، کەواتە ڕۆماننوس وێنەی کارەکتەر دەکێشێت و هەمو ڕەهەندەکانی ئاشکرادەکات و بەپێی ڕەوتی ڕوداو هەنگاو بە هەنگاو پەرەی پێدەدات، هەر بۆیە بونیادگەرەکان وەک پێکهاتەیەکی زمانی سەیری کارەکتەر دەکەن، پێیانوایە کارەکتەر لە ڕۆماندا ناتوانێت لە دەرەوەی سیستەمی زمان درێژە بە ژیانی خۆی بدات، بۆیە ئەو کەسێتییە هیچ بونێکی لە دەرەوەی تێکستەکەدا نییە، بە واتایەکی دی تێکستەکە بەسەر خۆیدا داخراوە و قایل و هەم پابەندی یاسا تایبەتەکانی ناوخۆیەتی، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەوەی بڵێین کارەکتەر لە ڕۆماندا زیندەوەرێکە لە وشە پێکهاتوە و ژیانیشی تەنها لەڕوی لاپەڕەکان بەسەردەبات.

"فلیپ هامۆن" لە ڕوانگەی خوێنەرەوە دەڕوانێتە کارەکتەر لەناو دەقی ڕۆماندا، پێیوایە کارەکتەر "پێکهاتەیەکە خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوە دروستیدەکات نەک لە ڕێگای دەقەوە." (عزام، ٢٠٠٥، ١١)، واتە بەپێی ئەم بۆچونەی هامۆن کارەکتەر مۆرفیمێکی بەتاڵە و خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەوە بە واتا و دەلالەت پڕیدەکاتەوە، لێرەشدا بونیادی کارەکتەر بەپێی جیاوازیی ئاستی ڕۆشنبیری و پاشخانی خوێنەر و شیکردنەوە بۆ کارەکتەر وێنەی کارەکتەرەکانی ناو ڕۆمان دروستدەبێت.

"سەمیر سەعید حیجاز" لە ڕوانگەی پەیوەندیی نێوان کارەکتەر و ڕوداوەوە تەماشای کارەکتەر دەکات و دەڵێت: "کارەکتەر بکەرێکە کاریگەریی لەسەر ڕوداو هەیە و بەشێکی ڕوداوەکانی چیرۆک پەیوەندیی بەوەوە هەیە، لە ڕێی وەسفی ئاکار و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکەیەوە شێوەکەی دەردەکەوێت، لەڕێی گێڕەرەوەوە تایبەتمەندیی دەرونی و جەستەییەوە ئەو وەسفدەکرێت." (حجازی، ٢٠٠١، ١٠٣).

سەبارەت بە سەرچاوەی کارەکتەر هەندێک لە نوسەران "واقیع بەسەرچاوەیەکی گرنگی دامەزراندنی کارەکتەر دەزانن، هەروەها بڕوایان بەوە هەیە کە کارەکتەر دەمامکی جۆراو جۆری نوسەری ڕۆمانن و لە پشتی ئەوانەوە ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە لەڕێی ئەوانیشەوە خەون بەخۆیەوە دەبینێ." (ئەڵوەنی، ٢٠٢١، ١١)، ئەمەش ئەوە ڕوندەکاتەوە کارەکتەر وەک توخمێکی هونەری چەند لە ڕۆماندا گرنگە، ئەوەندەش بەلای خودی ڕۆماننوسەوە گرنگە، چونکە ڕۆماننوس بۆ گەیاندنی پەیامەکانی بە خوێنەر بەکاریاندەهێنێت.

بەزیندوکردنی کارەکتەر و بەستنەوەیان بە واقیعەوە دەبێتە هۆی لاوازبونی دەقەکە، بۆیە "ئاری خەیات"سەرچاوەی واقیع بۆ ئەفراندنی کارەکتەر ڕەتدەکاتەوە و پێیوایە "ڕۆماننوسی بەتوانا ناخوازێ کەسانێک دروست بکات، کە دەقاودەق نمونەیان لە ژیاندا هەبێ و ئاسایی بن، ئەمە ئەرکی ئەدیب و هونەرمەند نییە، بگرە لەسەر لاپەڕەکاندا کەسایەتی پڕ ژیان و زیندو دروست بکات." (خەیات، ٢٠١٩، ٣٥)، واتە ئەرکی ڕۆماننوس گواستنەوەی واقیع بۆ ناو ڕۆمان نییە، بەڵکو پێشکەشکردنی کارێکی هونەرییە، هونەریش بریتی نییە لە پیشاندانی واقیعی بەردەست یان گوزارشتکردن لە هەندێک هزری پێشینە، بەڵکو دوبارە داهێنانەوەیەتی.

بەم شێوەیە کارەکتەر وەک توخمێکی ڕۆمان بونەوەرێکی بەرهەمهێنراوی زمان و ئەندێشەی ڕۆماننوسە، ئەو کاتەی لەناو ڕەوتی ڕوداوەکان دەردەکەوێت و کارێک ئەنجامدەدات بۆ ئەوەی ببێتە مایەی سەرنجراکێشانی خوێنەر.

## ١-٣- بونیادی کارەکتەر

بونیادی کارەکتەر بە یەکێک لە گرنگترین و ئاڵۆزترین ئەو ئەرکانە دادەنرێت کە ڕووبەڕوی ڕۆماننوس دەبێتەوە، بەوەی پێویستی بەتوانا و بەهرەیەکی هونەریی گەورە و شارەزایی و تێگەیشتنێکی تەواو لە چەمکی کەسێتیی مرۆڤ بە هەمو لایەنە جۆربەجۆر و ئاڵۆزەکانەوە هەیە، چونکە "لە میانەی پێشکەشکردنی ڕەهەندە جیاوازەکانی کارەکتەرەوە بەشێوەی پلەیی و بەگوێرەی ئەو لۆژیکەی کە ڕوداوەکانی ڕۆمانەکە و ئاراستە گشتییەکەی دەیسەپێنێت، هەروەها لە میانەی شێوازە جۆراوجۆرەکانی وێنەکێشانی ئەو ڕەگەزانەوە دێت، ئەمەش وا دەکات ئەو کارەکتەرانە واتای خۆیان وەربگرن و یارمەتیی خوێنەریش دەدات بۆ ئەوەی بیانناسێتەوە و لێیان تێبگات." (سماحە، ١٩٩٩، ٢١). بەو واتایەی دەبێت کارەکتەری ناو ڕۆمان بە جۆرێک بونیادبنرێت کە توانای قەناعەتپێهێنان لەلای خوێنەر دروستبکات و کارتێکەری و ئاوێتەکردنی هەبێت و چێژبەخش بێت بۆ ئەوەی خوێنەر ڕازیبکات تا کۆتایی ڕوداوەکانی ڕۆمانەکە لەگەڵیدا بمێنێتەوە، بۆ ئەمەش پێویستە ڕۆماننوس شارەزایی تەواوی لەبارەی کارەکتەرەکانەوە هەبێت، چەند ناسینەکەی قوڵ و بەهێز بێت، ئەوەندە دەتوانێت گوزارشتکردنەکەی ڕاست و ڕون بێت لەبارەی ناخ و دەرونی کارەکتەر و هەڵسوکەوتی ئەو کارەکتەرەی کە خودی ڕۆماننوس خوڵقێنەریەتی، ئەمانەش دەبنە هۆی بەهێزیی بونیادی کارەکتەر و زیندویەتیی پێدەبەخشێت. هەر ئەمەش وایکردوە بڵێین ڕۆماننوسی سەرکەوتو ئەوەیە کە بتوانێت لەڕوی هونەرییەوە کۆمەڵێک کارەکتەری زیندو دروستبکات، چونکە ئەگەر بونیادی هونەریی کارەکتەر لاواز بێت، ئەوا کاردەکاتە سەر هەمو بونیادی ڕۆمانەکە و لاوازی دەکات.

ئەو کارەکتەرانەی کە ڕۆماننوس دروستیاندەکات، یان باشتر وایە کە بڵێین نوسەر خۆی دەیانخوڵقێنێت، سەرەتا لە بونیادی ڕۆمان تەنیا بریتییە لە کۆمەڵە ڕستەیەکی یەکبەدواییەکی بێگیان، بەڵام دواتر ڕۆماننوس لە ڕێگەی بەخشینی چەند ڕەهەندێک لە بونیادی مرۆڤی ڕاستەقینەوە بەو وشانە بەرگێکی زیندو بەو وشانە دەبەخشێت، کەواتە ڕۆماننوس لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا هەمو بونیادی کارەکتەر و ڕەهەندەکانی لە شێوەی قاڵبێکی دیاریکراودا بە کارەکتەر نابەخشێت، بەڵکو بەپێی پێویستیی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە هەنگاوبەهەنگاو لەگەڵ بەرەوپێشچونی ڕوداوەکاندا بە کارەکتەرەکانی دەبەخشێت.

## ١-٤- جۆرەکانی کارەکتەر لە ڕۆماندا

بە زۆر شێوەی جیاواز جۆرەکانی کارەکتەر پۆلێنکراوە، هەریەک لەم پۆلێنانەش لەسەر بنەمایەکە، یەکێک لەو پۆلێنکردنانە دابەشکردنی کارەکتەرە بەپێی سروشتی پێکهاتە و ڕۆڵی کارەکتەر لەناو دەقی ڕۆماندا، کە بۆ "کارەکتەری سەرەکی، کارەکتەری لاوەکی" دابەشدەبێت.

### کارەکتەری سەرەکی

کارەکتەری سەرەکی بە یەکێک لە گرنگترین ڕەگەزەکانی دەقی ڕۆمان دادەنرێت، ئەم کارەکتەرە زیاتر قورسایی خراوەتەسەر، "نوسەر هەمو تواناکانی بۆ دەرخستنی ئەم کارەکتەرە لە هەمو ڕوییەکەوە بەکاردەهێنێت، شوێنی هەرە گەورەی لە قەبارەی ڕۆمانەکەدا پێدەدات، چونکە هەڵگری نامەی نوسەر و

بەرجەستەکەری ڕوانین و هەڵویستەکانیەتی لە ژیاندا." (سماحە، ١٩٩٩، ٢٢)، کارەکتەری سەرەکی ناوەندی ڕۆمان پێکدەهێنێت، کاردەکاتە سەر ڕێڕەوی ڕوداوەکان و هەڵسوکەوتەکانی کاردەکاتە سەر ژیانی کارەکتەری دیکە، بەمەش ڕەوتی سەرەکیی بەسەرهاتەکان بەرەوپێشدەچن، قەیرانەکانی ژنی ئەو (کارەکتەری سەرەکی) لە ژیانی کارەکتەرە لاوەکییەکاندا ڕەنگدەداتەوە و تەنانەت هەندێک جار شێوەی چارەنوسی ئەوان دادەڕێژێت، ئەم کارەکتەرە هەندێک جار لەلایەن هەندێک ڕۆماننوسەوە ئەرکی گێڕانەوەی پێدەسپێردرێت، واتە هەم گێڕەرەوەی دەقەکەیە و هەمیش کارەکتەری سەرەکییە، "ئەم کارەکتەرە بزوێنەری سەرەکیی زۆرینەی ڕوداوە سەرەکییەکانە و ڕۆڵێکی گرنگ لە بەرەوپێشچونی کار و چالاکییەکانی ناو دەق دەبینێت، کە وەک زنجیرەیەک وایە کارەکتەرە لاوەکییەکان و کێشە و ڕوداوەکان بەیەکەوە لە مەودای دەقەکە پێکەوە گرێدەدات، لە هەمان کاتدا دەچێتە ژێر باری دیکە و لەڕوی بیری و دەرونییەوە پەرەدەسێنێت و گەشەدەکات." (عبدالله، ٢٠٠٠، ١٥)، کەواتە پێویستە ئەم کارەکتەرە بەردەوام لە هەمو ڕەهەندەکانی کەسێتییەوە تا کۆتایی دەقەکە لە گەشەکردندا بێت، چونکە بازنەی بەیەکەوەگرێدانی هەمو ڕەگەزەکانە، بێگومان لەگەڵ گۆڕانی هەریەک لە ڕەگەزەکانی تردا ئەمیش دەگۆڕێت.

لە کاتی پێشکەشکردنی کارەکتەری سەرەکیدا پێویستە ڕۆماننوس "هەمو شتێک لەبارەی کارەکتەری سەرەکییەکەوە بزانێت، وەلێ تەنیا لایەنە گرنگ و هەرە تایبەتییەکانی بۆ خوێنەر ئاشکرابکات، نوسەر یەکسەر هەمو لایەنە سەرنجڕاکێشەکانی قارەمانەکەی باس ناکات، وردەوردە ڕوناکی دەخاتەسەر ژیانی هەر بۆیە کارێکی ئەستەمە ئەو کارەکتەرە هەر لە سەرتاوە ئەدگاری تەواوەتیی خۆی وەربگرێت." (خەیات، ٢٠١٩، ٢٩)، دەربارەی هەڵویستی ئەم جۆرە لە کارەکتەر هەڵویستی تازەی دەبێت، دەبێت بەشێوەیەک دەربکەوێت کە بەلایەنی کەمەوە مامەڵە لەگەڵ لایەنە دژوارەکاندا بکات، زۆر جار کارەکتەری سەرەکی لە چیرۆک و ڕۆماندا مەرج نییە مرۆڤ بێت، دەکرێت بونەوەرانی تر بێت.

تایبەتمەندیی ئەم جۆرە لە کارەکتەر ئەوەیە کە بە شێوەیەکی خۆڕسکانە بۆ قەدەری تاکانەی خۆی ناژی لەناو ئەو ڕێکەوتانەی کە دەوریانداوە، بەڵکو دەیەوێت لەو تایبەتمەندییە بەشداربێت، کە ڕۆماننوس لەناو کارەکتەرەکانی تردا پێی بەخشیوە. کارەکتەری سەرەکی لە لایەکەوە خۆی لە کرۆکی ڕوداوەکان نزیکدەکاتەوە، لە لایەکی ترەوە پەیوەندی لەگەڵ کارەکتەرە لاوەکییەکاندا دەبەستێت، جگە لەوەی کارەکتەری سەرەکی مەرج نییە هەمیشە هەڵگری سیفەتی باش بێت، بەڵکو وەک هەر مرۆڤێکی تر هەڵگری لایەنی باش و خراپ دەبێت، چونکە "کارەکتەر ئەو کاتە قوڵایی دەبێت، کە فرەڕەهەند بێت، ڕۆماننوس لە دروستکردنی کارەکتەرە سەرەکییەکان، پەنا بۆ ئەم فرەڕەهەندییە دەبەن، ئەگینا لەپاڵ ئەم کارەکتەرە سەرەکییانەدا کارەکتەری ترش بەکاردێنن، کە تاکڕەهەندن و قوڵاییان نییە." (یاقوب، ٢٠٢١، ١٤١)، چونکە کارەکتەری سەرەکی چەندان دیوی ناکۆک و نەگونجاو لە کەسێتییدا هەیە، زیاتر لە ڕێگەی هەڵسوکەوت و کردار و هەڵویستەکانیەوە دەناسرێتەوە، هەر ئەمەشە وا دەکات زیندویەتی بە کارەکتەر ببەخشێت.

## کارەکتەری لاوەکی

کارەکتەری لاوەکی شانبەشانی کارەکتەرە سەرەکییەکان لە زۆربەی ڕۆمانەکەدا دەبینرێت، بەڵام لەلایەن ڕۆماننوسەوە ڕۆڵی لاوەکییان پێدەبەخشرێت، کەمتر بەشدارییان پێ دەکرێت، بەڵام ئەمیش واتای ئەوە نییە لەناو ڕۆماندا گرنگ و پێویست نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ڕۆڵی کارەکتەری لاوەکی هیچی کەمتر نییە لە کارەکتەری سەرەکی، بۆیە "نوسەری بەتوانا هەمو هونەرەکەی بۆ کارەکتەری سەرەکی تەرخان ناکات، بەڵکو وەک چۆن گرنگی بە پاڵەواندەدات، ئاواش گرنگی بە کارەکتەری لاوەکی دەدات." (شێخانی، ٢٠١٤، ١٨)، چونکە زۆرجار دەبێتە هاندەری کارەکتەری سەرەکی بۆ ئەنجامدانی کار و کردەوەکانی، ئەو بیرە شاراوە و نهێنییانەی کە لە زەینی کارەکتەری سەرەکیدایە، بەهۆی کارەکتەری لاوەکییەوە دەردەکەوێت.

هەندێکجار کارەکتەر لاوەکی لەگەڵ کارەکتەری سەرەکی هاوهەڵوێستن، بەڵام "هەندێک جار ڕۆڵی پێچەوانە دەگێرێت، کە هزر و بەهاکانی بەتەواوەتی جیاوازە لەگەڵ هزر و بەهاکانی کارەکتەری سەرەکیدا، ئەمەش مانای وایە کارەکتەری لاوەکی دەتوانێت هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی دیاری بکات و جەختی لەسەر بکاتەوە، چونکە وێنەیەکی تەواو پێچەوانەی پیشاندەدات." (ئەڵوەنی، ٢٠٢١، ٥٧)، لەبەر ئەم هۆکارانەشە کارەکتەرە لاوەکییەکان بەشدارییەکی کارایان لە ئاشکراکردنی لایەنێک یان چەند لایەنێکی کارەکتەری سەرەکیدا هەیە، چونکە ئەم جۆرە پێدانەی هەڵوێستی پێچەوانە بۆ ئەوەیە بەراورد لەنێوان هەردو هەڵوێستەکەدا دروستببێت و زیاتر هەڵوێستی کارەکتەری سەرەکی ڕودەبێتەوە.

دەربارەی پێکهاتەی ئەم جۆرە کارەکتەرە "شێوەیەکی سادەیان هەیە، خاوەن کەسێتییەکی ڕوکەش و ئاشکراو تاڕادەیەکیش بە ئامادەکراوی پێشکەش دەکرێت، کارەکتەری لاوەکی زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە لە پەراوێزی ژیاندا دەژین، کار و کردەوەی گەورە ناکەن و هەمان خاسیەتی ئەو کەسانەیان دەبێت و وێنەیەکی ئەو کەسانە بەرجەستە دەکات، کە لەبارەی بیرۆکەیەک یان سیفەتێکەوە دەخولێنەوە." (عارف، ٢٠١٦، ٤٦)، ئەم سادەییەش وا دەکات خوێنەر بەئاسانی بتوانێت لە ڕەهەندەکانی ئەم کارەکتەرە تێبگات و لەناو ڕۆمانەکەدا بیناسێتەوە.

کارەکتەری لاوەکی مەودای جوڵە و ڕەفتارەکانی بەراورد بە کارەکتەری سەرەکی سنورداركراوە، بواری سەربەستی کەمترە، لەگەڵ ئەوەشدا کارەکتەری لاوەکی خاڵی نییە لە گرنگی، لەمەشەوە دەکرێت کارەکتەری لاوەکی کەمگەشەکردویی بە جوڵەیانەوە هەبێت، لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە، بەڵام لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی دیکە ناگۆڕێت، هەروەها لە شوێنێکەوە ناچێتە شوێنێکی دیکە، ئەم جۆرە گۆڕانانە کەم ڕودەدات، بەڵام گەشەکردنەکەی ناگاتە پلەی گەشەی کارەکتەری سەرەکی کە چالاکترە، بە واتایەکی تر هەندێکجار ڕۆماننوس بەپێی پێویستیی ڕوداوەکان وردترین لایەنی ژیان لە ڕێگەی کارەکتەری لاوەکییەوە بەدیاردەخات نەک سەرەکی، کەواتە کارەکتەر یەکەیەکی بونیادە لە جەستەی دەقدا و ناکرێت لاببرێت، یان پەراوێزبخرێت. بونیادی کارەکتەر بەپێی پێکهاتە و سروشتی کارەکتەر، بەپێی ئەو خاسیەتانەی کارەکتەر لەناو ڕۆماندا کە دەبینرێت، هەندێک کارەکتەر پێکهاتەکەی ئاڵۆزە و تا کۆتایی ڕۆمانەکە بە کۆمەڵێک گۆڕانکاریدا تێدەپەڕێت، ئەمەش وا دەکات تێگەیشتن لێی ئاسان نەبێت، بەڵام هەندێک کارەکتەر پێکهاتەکەی سادەیە و گۆڕانکارییەکی

گرنگ تێیدا ڕونادات، ئێمە لێرەدا هەردو زاراوەی کارەکتەری پەرەنەسێن و کارەکتەری پەرەسێن بەکاردەهێنین.

### کارەکتەری پەرەنەسێن

تایبەتمەندیی ئەم جۆرە کارەکتەرە ئەوەیە کە خاوەنی یەک ئاستی دیاریکراوە، لە کاتی ململانێکاندا زۆر سادە دەردەکەوێت، هۆکاری پەرەنەسەندنی ئەم جۆرە کارەکتەرە ئەوەیە کە ناکەونە ژێر کاریگەریی ڕوداوەکانەوە، ئەمەش بۆ نەبونی گیانی بەرەنگاری و پەرچەکردار لەلایەن ئەم جۆرە کارەکتەرەوە بەرانبەر بە ڕوداو و پێشهاتەکان و ململانێکان دەگەڕێتەوە، کە لەلایەن کارەکتەرەکانی تری ناو ڕۆمانەوە ڕوبەڕوی دەبێتەوە. لەم بارەیەوە "فوستر" دەڵێت: "تاقیکردنەوەی کارەکتەری بازنەیی لە تاقیکردنەوەی سەرسوڕمان و قەناعەتپێکردندایە، ئەگەر هیچ سەرسوڕهێنەر نەبو، ئەوا پەرەنەسێنە، ئەگەر قەناعەتپێکەر نەبو، ئەوا پەرەنەسێنە و دەیەوێت خۆی بە بازنەیی پیشانبدات." (فوستر، ١٩٩٤، ٦١). کارەکتەری پەرەنەسێن هەر لە یەکەم دەرکەوتنیەوە کەسێتییەکەی ئاشکرا دەبێت، واتە کارەکتەری پەرەنەسێن لەناو دەقی ڕۆمانەکەدا "بەکامڵی لە دایکدەبێت بەبێ ئەوەی ڕوداوەکان سروشت و سیماکانی بگۆڕێت، یاخود لە پێکهاتەی زیادوکەمبکات." (الطائی، ٢٠١٢، ١٣٣)، "هۆکارێکی دیکەی پەرەنەسەندنی ئەم جۆرە کارەکتەرە بۆ پابەندبون بە دابونەریت و بەهاکانی کۆمەڵگەوە دەگەڕێتەوە، بەوەی هەمو کات ئامادەنییە لەو نەریت و بەها باوانە لابدات." (عومەر، ٢٠١٥، ٤٧)، ئەمەش وا دەکات ئەم جۆرە کارەکتەرە لەناو ڕۆماندا بە ئاڕاستەیەکی ڕاست و دیاریکراودا دەڕوات، تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەجێگیری بەبێ هیچ گۆڕانێک دەمێنێتەوە، بەردەوام "لەسەر بیرۆکەیەک یان سیفەتێکی دیاریکراو بونیاددەنرێت، واتە یەک خاسیەتیان دەبێت و بەدرێژایی ڕەوتی ڕۆمانەکە گۆڕانکارییان بەسەردا نایەت، بەجۆرێک نە ڕوداوەکان کاریگەرییان لەسەر دەبێت، نە هیچیشیان لێوە وەردەگرن." (عومەر، ٢٠١٥، ٤٧)، هەر بۆیە بونیادنانی ئەم جۆرە لە کارەکتەر بۆ ڕۆماننوس ئاسانە. بونی ژمارەیەکی زۆر لە کارەکتەری لەم جۆرە لەناو ڕۆماندا دەبێتە هۆی لاوازبونی بونیادی هونەریی ڕۆمانەکە، چونکە ئەم کارەکتەرە کەمتر کارلێکی لەگەڵ ڕوداوەکاندا هەیە، ئەمەش دەبێت بە هۆی ئەوەی ململانێ و پەیوەندیی نێوان کارەکتەرەکان لەناو دەقەکەدا لاواز بێت، بەڵام بە نەبونیشی ڕۆمان چێنابێت.

### کارەکتەری پەرەسێن

مەبەست لە کارەکتەری پەرەسێن بەتەنیا کارەکتەری سەرەکی نییە، چونکە جاری وا هەیە کارەکتەری سەرەکی پەرەسێن نییە، بەڵام لەبەرئەوەی "کارەکتەری پەرەسێن فرەڕەهەندە، زیاتر دەبێتە خاسیەتی کارەکتەری سەرەکی و زۆربەی جاریش تێڕوانینی ڕۆماننوسیش دەنوێنێت، بیروباوەڕ و هەڵوێستەکانی خۆی بەهۆی هەڵوێست و کردارەکانی ئەوەوە دەردەبڕێت." (شێخانی، ٢٠١٢، ٢١)، بونیادی ئەم جۆرە کارەکتەرە زۆر ئاڵۆزە، ناتوانرێت بە چەند ڕستە و پەرەگرافێک وێنەبکێشرێت. بۆ ئەوەی ڕۆماننوس هەمو لایەنەکانی ژیانی بەدیاربخات، پێویستی بە کۆمەڵێک ڕەهەند دەبێت، ئەم ڕەهەندانەش زەمینەسازییان دەوێت تا قەناعەت بەخوێنەر بکات، بۆ ئەمەش دەبێت بەگوێرەی ڕوداوەکان و بارودۆخی دەرونی و کۆمەڵایەتی قۆناغ بە قۆناغ

گەشەبکات، چونکە "ئەم جۆرە لە کارەکتەر لە ئەنجامی ململانێ لەگەڵ ڕوداو و کۆمەڵدا کەم کەم پەرەدەسێنێت و گەشەدەکات، تا چەندیش چیرۆکەکە بەرەوپێش بڕوات، خود و حەقیقەتی زیاتر بۆ خوێنەر ئاشکرادەبێت، لەناکاویش دەوڵەمەندیدەکات بە لایەنەکان و سۆزە مرۆییە ئاڵۆزەکان، بۆیە دەبێت حیکایەتخوانیش ئەم جۆرە کارەکتەرە بە شێوەیەکی هونەریی باوەڕپێکراو پێشکەشبکات، بەوەی نابێت هیچ سیفەتێکی تازەی پێببەخشێت، تاکو پاساوێکی بابەتی بۆ هەڵوێستەکانی نەهێنێتەوە لەناو دابونەریت و ئەو ژینگەیەی کە کارلێکی لەگەڵدا دەکات." (عومەر، ١٠١٥، ٤٣).

کارەکتەری پەرەسێن، "پێکهاتەیەکی تەواونەبوە یان تەواونەکراوە، هەر بۆیە مامەڵە و ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی تەواونابێت و دەرناکەوێت، تا ئەو دەمەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە نزیکی کۆتایی دەبێتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە تیۆرییەمان بۆ دەسەلمێنێت، لەوەی کەسێتیی ناو ڕۆمان دەستکەوتێکی پێشوەخت نییە، بەڵکو بەدواهاتن و کەڵکەبونە و لە حاڵەتی خەلقبونێکی بەردەوامدایە، لە هەمو چرکەیەکدا دروستدەبێت و کامڵدەبێت، دوایی ئەدگاری کۆتایی خۆی وەرناگرێت، ئەو کاتە نەبێت کە تەواودەبێت." (خەیات، ٢٠١٩، ٢٨). هەر بۆیە کارێکی ئەستەمە ئەم کارەکتەرە هەر لە سەرەتاوە ئەدگاری تەواوەتیی خۆی وەربگرێت، یان ڕوخساری کۆتاییپێهاتوی هەبێت، بەڵکو دەبێت لەگەڵ ئەوانی تردا مامەڵەبکات و لەگەڵ دەوروبەر و مەرجەکانیشدا خۆی بگونجێنێت.

سەبارەت بە ژمارەی ئەم جۆرە لە کارەکتەر لەناو ڕۆماندا "چەند ژمارەی ئەم جۆرە لە کارەکتەر زیاتر بێت، سود بە بونیادە هونەرییەکەی دەگەیەنێت، چونکە بەهۆی ئەو بونیادە ئاڵۆزەوە ڕۆماننوس دەتوانێت بۆشاییە هونەرییەکانی ناو ڕۆمانەکەی پێ پڕبکاتەوە بەوەی لەسەر ئاستی تێکست و ڕوداودا بەهۆی ئەم بونیادە ئاڵۆزەوە گەشەو بەرەوپێشچون بە ڕوداوەکانی ڕۆمانەکە بدات." (عومەر، ٢٠١٥، ٤٤)، لە هەمان کاتیشدا ڕێژەی زۆری یاخود کەمیی بەشداریکردنی کارەکتەر لەڕوی ئەرکەوە لەناو ڕوداوەکاندا نابێتە پێوەر بۆ ئەوەی کارەکتەر بە کارەکتەرێکی پەرەسێن ئەژماربکرێت، بەڵکو کاریگەریی لەسەر ڕوداوەکان وای لێدەکات بە پەرەسێن ئەژماربکرێت، بۆیە پێویستە لەسەر ڕۆماننوس بەقوڵی ڕەهەندی دەرونی و کۆمەڵایەتی و هزریی ئەم جۆرە لە کارەکتەر پیشانی خوێنەر بدات، لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەردەوام تیشکبخاتە سەر ڕەهەندێک یان چەند ڕەهەندێکی ئەم کارەکتەرە و پەرەیان پێبدات، ئەمەش پێویستی بە شارەزاییەکی زۆر لە بونیادناندا هەیە، هەر کەموکوڕییەک لە کارەکتەردا کاریگەریی لەسەر سیمای هەیە.

## ٢- بەشی دوەم:

## ڕەهەندەکانی بونیادی کارەکتەر لە ڕۆمانی "شەوانی ئادەم"ی بەیان سەلماندا

بێگومان بونیادی کارەکتەر بە هەردو لایەنی دەرەکی و ناوەکییەوە پێویستی بە چەند ڕەهەندێک هەیە تا بەهۆیەوە وەک بونەوەرێکی زیندو بخرێتەڕو، بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێت لە خەیاڵی خۆیدا وێنەیبکێشێت، بێگومان ڕەهەندەکانیش جۆراوجۆرن، بەڵام لەبونیادنان و خوڵقاندنی کارەکتەردا چەند ڕەهەندێک زیاتر بەدیاردەکەون، گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

### ٢-١- ڕەهەندی جەستەیی

ڕەهەندی جەستەیی یەکێکە لە ڕەهەندە بنەڕەتییەکان بۆ وێنەکێشان و ناسینی کارەکتەر، ئەم ڕەهەندە دیوی دەرەوە و هەمو ئەو تایبەتمەندییانە دەگرێتەوە کە بە جەستەی مرۆڤەوە پەیوەستن، وەک: کورت و درێژیی بالا، ڕەنگی پێست، قەڵەوی و لاوازی، جلوبەرگ و ئەو کەرەستانەی کارەکتەر بەکاریاندەهێنێت وەک پێڵاو و چاویلکە...هتد، بەتایبەتی پیشاندانی "جلوبەرگ" گرنگیی خۆی هەیە، بەوەی دەبێتە بەشێک لە کەسایەتیی کارەکتەر، چونکە هەندێک جار بەهۆی پیشاندانی ئەم تایبەتمەندییانەوە خوێنەر ڕەهەندی کۆمەلایەتی و ئایینی و ئابوریی کارەکتەرەکەی بۆ دەردەکەوێت بەوەی کە سەر بە چ چینێکی ناو کۆمەڵە، لە ڕۆمانی کۆندا لەبەرئەوەی کارەکتەر بەرجەستەکەری کەسانی واقیعی بو، لە بونیادی کارەکتەردا گرنگییەکی زۆر بەم ڕەهەندە درا، ئامرازی پیشاندانی ئەم ڕەهەندەش لە ڕێگەی تەکنیکی وەسفەوەیە، "گرنگیی بونی ئەم ڕەهەندە تەنیا لەوەدا نییە کە دیوی دەرەوەی کارەکتەر پیشاندەدات، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەشدا ڕۆڵی لە دروستکردن و بەرەوپێشچونی ڕوداوەکانیشدا هەیە." (عومەر، ٢٠١٥، ٥٣)، چونکە جەستە وەک هۆکارێک بۆ ڕونکردنەوەی بابەتەکان و لەپێناو ژیانەوە و نواندنی کردەوەکانیاندا بەکارهاتوە. گرنگیدانیش بە دیوی دەرەوەی کارەکتەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ڕۆمانی کۆندا نوسەر حەقیقەتی کارەکتەری لە دیوی دەرەوەدا دەبینی نەوەک لە ناوەوەی کارەکتەر، بەڵام بەپێچەوانەوە لە ڕۆمانی نوێدا –بەتایبەتی لەدوای سەرهەڵدانی ڕۆمانی شەپۆلی هۆشەوە- گرنگیدان بەم ڕەهەندە بەراورد بە ڕەهەندی دەرونی کەمتر بایەخی پێدەدرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بەپێی پێویست بەکاربهێنرێت.

لەم ڕۆمانەدا نوسەر لە ڕێگەی وەسفێکی وردەوە ڕەهەندە جەستەییەکانی کارەکتەرەکانی بەدیارخستوە، کە ئەم وەسفانەش بوە بە هۆی ڕونکردنەوە و دەرخستنی بونیادی کارەکتەرەکان لە چوارچێوەی ڕۆمانەکەدا، بۆ نمونە گێڕەرەوەی سەرەکی وەسفی جەستەیی "ئادەم" دەکات، لە هەمان کاتدا لە ڕێگەی ئەم وەسفە جەستەییەوە باری دەرونییشی ئاشکرادەکات، بەم جۆرە "هەردو لێوی وشک ببون و توێخی هەڵدابو، ڕەنگی ئاڵ و پەمەیی بو، بەڵام دەوروبەری چاوی شین و مۆر ببون و برێ لۆچیشی گرتبو، بەهەر حاڵ، بە کەسێکی زۆر ماندو دەچو، نەک نەخۆشێک و بشڵێی ڕەزا سوک بو، تەمەنی وا دەردەکەوت لە چەند ساڵێک لە سەروی پەنجاکان بێت." (سەلمان، ٢٠١٥، ٦٩)، گێڕەرەوە لە ڕێگەی ئەم وەسفەیەوە ڕوخساری "ئادەم" ڕابردوی پڕ ئازاری ئەم کارەکتەرەمان بۆ دەردەخات کە چەندە ماندوە لەڕوی دەرونییەوە و چەند ئازاری چەشتوە، بێگومان ئەمەش بەهۆی جەنگ و وێرانکارییەکانەوە کە کاریکردوەتە سەر ڕوخساریشی.

بەهەمان شێوەیە ڕۆماننوس لە ڕێگەی گێڕەرەوەی بابەتییەوە وێنەیەکی وردی یەکێک لە کارەکتەرە ژنەکان (زۆزان) دەکات بەوەی "کچێکی گەنج بە هەنگاوی خێرا و پڕ گومان دەڕۆیشت، بالایەکی کەڵەگەتی هەبو، لە ڕوکەشدا، تابڵێی ئاسایی دەینواند، کەچی دەموچاوێکی خنجیلانەی جوانی هەبو، تا ڕادەیەکیش ڕوخسارێکی کێویی هە بو، بەتایبەتی چاوی تەماشایەکی گوماناوی تێدا دەخوێندرایەوە، لەو ژنانە بو کە دەڵێن لە هەمو بارودۆخێکدا خۆی ڕزگاردەکات." (سەلمان،٢٠١٥،٢١٣). لێرەدا جگە لەوەسفی ڕوخساری کە بە زمانێکی ورد

وەسفی باڵای دەکات، باس لەوەش دەکات کە ڕوخساری کەسێکی سرک و کێویی هەیە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەم کارەکتەرە بەئاسانی کۆنترۆڵناکرێت.

هەروەها گێڕەرەوە وەسفێکی زۆر وردی "سەکینە" دەکات، دەڵێت: "سەکینە، وەک زۆربەی ژنانی شار، سەری ڕوت بو، سەرپۆشێکی بەدەوری ملیدا دابو، قژی نیوچەدرێژ، ڕەنگی خورمایی بو، خاو بو، تا ڕادەیەک، کاڵتر دەینواند، لەو ژنە پێستسافانە بو، وێڕای زۆری جگەرەکێشان، گەر بۆ دەرمانیش بگەڕێی بەدوای زیپکەیەکدا، لەژێر پێستشەوە بۆت نادۆزرێتەوە، هەردو ڕومەتی کەمێک داکەوتبو، بەوەش دەچو بەهۆی ماندوبونەوە بێت... ڕەنگی چاوی سەوزیی گەڵایەکی ناسکی تازەی هەبو... نێوچەوانی بەردەوام کرژیی پێوە دەردەکەوێت بێ ئەوەی نیشانەی چرچ دەرکەوتبێت." (سەلمان، ٢٠١٥، ٣٤٠).

گێڕەرەوە لە ڕێگەی ئەم وەسفە جەستەییەوە کە باس لە ڕوخساری سەکینە دەکات، ئەوە بۆ خوێنەر ڕوندەکاتەوە کە سەکینە ژنێکی شارنشین بوە، چونکە ژنی شار زیاتر سەرپۆش بەدەوری ملیدا دەدات نەک گوند، بۆیە ئەگەرچی ئەم ژنانە بەهۆی دۆخی ئەنفالەوە ڕویان لە گوندێک کردوە، بەڵام نەیانتوانیوە دەستبەرداری نەریتی شار بن، جگە لەوەی ئەوەش دەردەکەوێت ئەم ژنە شارنشینە وێڕای جوانی، بەڵام خەمی ئەو دۆخەی کە ئەنفال دروستیکردوە، بە جۆرێک کاریکردوەتە سەر باری دەرونی کە بەردەوام کرژی لەسەر ڕوخساریەتی، چونکە کرژی ڕوخساری ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی دەرونییەتی، واتە ڕۆماننوس لە ڕێگەی ڕوخسارەوە ئازارەکانی دەرونی پێشاندەدات.

## ٢-٢- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی

ئەم ڕەهەندە مەودایەکی فراوانی لەناو ڕۆماندا هەیە، وەک: بواری خێزانی، پیشە، چینی کەسەکە، شوێنی نیشتەجێبون، پەیوەندیی کۆمەڵایەتی... هتد، واتە ئەم ڕەهەندەی کارەکتەر فرەلایەنە، "چونکە جەخت دەکاتە سەر بون و ڕۆڵی کارەکتەر لە ناو ژینگەی کۆمەڵایەتییەکەیدا پەیوەندییەکانی بەوانی ترەوە، پێگەی کۆمەڵایەتییەکەی و ئایدۆلۆژییەکەی، بەمەش لە لایەکەوە پەیوەندی و ململانێکانی لەگەڵ ئەوانی تردا و لە لایەکی ترەوە، دۆخی ئابوری و ئینتیمای چینایەتی و دەسەڵاتی زۆر دەخاتەڕو." (عەبدڵڵا، ٢٠٢١، ١٢)، ئەم مەودافراوانییەش وایکردوە کە "زۆربەی کێشە و گرفتەکانی ناو ڕۆمان لەم ڕەهەندەی کارەکتەردا ڕەنگبداتەوە، بۆیە ئەم ڕەهەندە وەک کەرەسەی خاو وایە بەدەست ڕۆماننوسەوە، دەتوانێت بەشێکی زۆری بابەتەکانی لەم ڕەهەندەی کارەکتەرەوە وەربگرێت." (عومەر، ٢٠١٥، ٥٥).

ڕۆمان جگە لەوەی لە ناوەوە لە ڕێگەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیی کارەکتەرەکانەوە گوزارشت لە کۆمەڵایەتیبونی خۆی دەکات، لە هەمان کاتدا خودی ڕۆمان دیالۆگی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تاکەکانی ناو کۆمەڵگەدا دەکات، بەوەی کۆمەڵێک بۆچون و تێڕوانین ئاڕاستەی خوێنەر دەکات. کەواتە "سەرەڕای ئەوەی ڕۆمان لۆژیکی ئیستاتیکیی تەواو تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام ئەم لۆژیکە لەگەڵ لۆژیکی کۆمەڵگەدا یەکدەگرێتەوە، بەگوێرەی ئەمەش هەمیشە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و مێژویی هەیە." (زیرافا، ٢٠٠٥، ٥)، جگە لەوەی ڕۆماننوس بۆ خۆشی تاکێکی کۆمەڵایەتییە و سود لە ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی وەردەگرێت و دەیانکاتە

کەرەستەی نوسین، زۆرجار نوسینەکەشی کاردانەوەیە بەرانبەر بەو ژینگەیەی تێیدا دەژیت، هەر ئەمەش دەبێتە پاڵنەر بۆ بەرهەمهێنانی دەقەکەی.

لەم ڕۆمانەدا نوسەر لە ڕێگەی ئەم ڕەهەندەوە وێنەی کۆمەڵایەتی، هەندێک لە کارەکتەرەکانمان بۆ دەکات، ئاوڕ لە چەند گرفتێکی کۆمەڵایەتییش دەداتەوە، بۆ نمونە گێڕەرەوەی سەرەکی باس لە کەسێتیی "ئادەم/وەستا" دەکات، پێش ئەوەی بێتە کۆشک (خانوی پیاوەکان)، کە کەسێکی لادەر بوە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە بەپێی نەریتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێمە، چونکە لادانی کۆمەڵایەتی زاراوەیەکە بۆ هەڵسوکەتێکی ناباو، کە لەگەڵ هەمو بەها و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکاندا دژ بێت، کەواتە ڕەفتاری کەسی لادەر ئەو هەڵسوکەوتەیە، دەبێتە هۆی ناڕازیبونی کۆمەڵایەتی لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵگەوە، چونکە جۆرێکە لە بەگژاچونەوەی دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەم کارەکتەرە کاتێک بۆ خوێندنی زانکۆ دەچێتە پایتەخت، لەجیاتیی خوێندن شوێنی دەبێتە قومارخانە و یانەکان، بۆیە کاتێک عاشقی "سەکینە" دەبێت، گێڕەرەوە بەم جۆرە کەسێتیی دەخاتەڕو: "لە دونیای یاری و قومار و قەحبەبازی زیاتر، تامی لە شی ژنی نەکردوە، نەیدەزانی برینی ئیشق چییە." (سەلمان، ٢٠١٥، ٣٣٩). ئەو پارەیەی کەماڵەوە بۆیان دەنارد یان بە قومار پەیدایدەکرد، بەشێکی لە کاری لەشکرِیدا سەرفدەکرد وەک خۆی دەڵێت: "بەسەرما ئەهات هەندێجار کە ئەگەیشتمە نزیک ئەو بازارە کۆنەیە، ڕوی چونەکەم ئەگۆڕی و بەرەو گەرەکێکی کۆن و هەژار ئەچوم، لەوێ چەند ژنێکم ئەناسی، فێرببوم بەدزییەوە جارجار بچمەلایان." (سەلمان، ٢٠١٥، ٥٠٨)، وەک دەردەکەوێت ئەم کارەکتەرە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە کەسێکە دەچێتە چوارچێوەی لادەری کۆمەڵایەتییەوە، چونکە ئەم ڕەفتارانە (قومار، لەشکرِی) لە نەریتی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی ئێمەدا ڕەتکراوەیە، هەر بۆیە ناتوانێت تەنانەت لەلای خێزانەکەی خۆشی ئەم ڕاستیانە بدرکێنێت.

هەر لەچوارچێوەی ئەم ڕەهەندەدا چەمکی "جێندەر" یەکێکە لەو چەمکانەی زۆر بەوردی کاری لەسەر کراوە، "پاساری" ناوی یەکێکە لە کارەکتەرەکانی ناو کۆشکی پیاوان، کە گوزارشت لە گرفتی کۆمەڵایەتیی ئەو چینە کەمە لە کۆمەڵگای ئێمەدا دەکات کە هەردو ڕەگەزی تێدایە، ئەوەی لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە پێی دەوترێت "نێرەموک"، ئەم کارەکتەرە لەدەست توانجی کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ هەڵهاتوە، چونکە کاتێک مناڵ بوە و لە قوتابخانە هاوڕێکانی تایبەتمەندیی جەستەیی دەزانن، ئیدی لێرە بەدواوە وەک تاکێکی ناتەواو دەبێتە جێی توانجی کۆمەڵەکەی، بەم جۆرە ئازارەکانی خۆی دەردەبڕێت "...دیارە لەو وەختەدا، تەمەنم بواری نەدەدا لە ناشیرینی خەڵک و تەنانەت ئەو منالانەش تێبگەم، خۆم بە دەمی خۆم ڕۆژێکیان لەلایان نهێنییەکەم، کە هەر بۆ کەس نهێنی نەبو، درکاندم، هەر ئەوە بو قسە لە زارمەوە بەرگوێی ئەوان کەوت، دوای ئەوە، بەردەوام جێی تیرو توانجیان بوم تا ئەو ڕۆژەی پانتۆڵەکەیان داکەنم و دو شتی بچوکی سەیریان بەنێو ڕانمەوە بینی، ئیدی گاڵتەپێکردنی گەورە لە دوای ئەوەوە دەستی پێکرد، چاک بیرم دێت کە چەند منالێکیان لێشم ئەترسان، وەک ئەوەی من دەعبایەک بم." (سەلمان، ٢٠١٥، ٨٩)، ئەم کارەکتەرە گوزارشت لە ئازارێک دەکات کە دواکەوتویی کۆمەڵگە هۆکاریەتی نەک جەستەی تاکێک، لە ڕێگەی ئەم کارەکتەرەوە ڕۆماننوس پێمان دەڵێت

ئاستی هۆشیاریی کۆمەڵی کوردی لە ئاستێکی دواکەوتودایە، دواجار ئەم جۆرانە لە تاک دەبنە قوربانی ئەم دواکەتویە.

یەکێکی دیکە لەو بابەتانەی کە نوسەر وەک گرفتێکی کۆمەڵایەتی ئاوەڕی لێ داوەتەوە، ڕوانینی ژنانە بە چاوی نەریت بەرانبەر بە ژنان لەناو خۆیاندا، "سەکینە" ئەگەرچی وەک کارەکتەرێکی ژن گوزارشت لە قوربانیدانی ژن دەکات لە کۆمەڵی کوردیدا، کە هەمیشە لەپێناوی خێزان و دەوروبەردا قوربانیی داوە، وەک لێرەدا دەردەکەوێت سەکینە وەک ژنێکی بێهاوسەر (بێوەژن) "وەستا/ئادەم"ی خۆشدەوێت، بەڵام لەبەرئەوەی خاوەنی دو کچە، بۆیە لەپێناوی کچەکانی و خوشکیدا قوربانی بەم خۆشەویستییەی دەدات، سەرەڕای ئەم قوربانیدانەش لەلایەن "مەندان"ەوە سەرزەنشتدەکرێت، وەک ژنێکی بێشەرم سەیریدەکات، چونکە سەکینەی خوشکی لە لایەک تەمەنی هەڵکشاوە و لە لایەکی ترەوە خاوەنی دو کچە، بەڵام سەرنجی پیاوێکی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، ئەمەش بە جۆرێک لە نەنگیی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بۆیە مەندان ئەو دۆخەی بۆ قەبوڵناکرێت، ئەگەرچی بۆخۆشی ژنە وەک گێڕەرەوە دەڵێت: "مەندان لە دڵەوە سەرزەنشتی خوشکی دەکرد، بۆی قبوڵ نەئەکرا خوشکەکەی لەم تەمەنەدا و لەم بارودۆخەدا، سەرنجی پیاوێکی بەلای خویدا ڕاکێشاوە، وێڕای ئەوەی سەکینە هیچ بە ڕەفتارییەوە دیارنەبو، کەچی مەندان شتێک لە مێشکیدا دەهات و دەچو و ئاگاداری دەکردەوە کە خوشکیشی هەمان هەستی بۆ ئەو پیاوە جوڵاوە." (سەلمان، ٢٠١٥، ٣٥٢)، لێرەدا دەردەکەوێت لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە بە جۆرێک لە نەنگی دادەنرێت کە ئافرەت گەر تەمەنی هەڵکشا بیەوێت کەسێکی خۆش بوێت، بۆیە مەندان ئەو خۆشەویستییەی سەکینەی بۆ قەبوڵناکرێت و سەرزەنشتیدەکات.

## ٢-٣- ڕەهەندی دەرونی

ڕەهەندی دەرونی، باسکردنی هەست و سۆز و بیرکردنەوەی کارەکتەر ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاشکراکردنی کەسێتیی کارەکتەرەکاندا دەگێڕێت، ئەم ڕەهەندە پەیوەستە بە دیوی ناوەوەی کارەکتەرەوە، "لە ڕەهەندی دەرونیدا ڕۆماننوس گرنگی بە لایەنی دەرونی کارەکتەر دەدات و باس لە ڕەوشی دەرونی دەکات و هەوڵدەدات ڕەفتارە ناوەکی، دەرەکییەکانی خودی کارەکتەر دیاری بکات، کە لە ئەنجامی کاردانەوەی خود لەگەڵ دەوروبەردا لە هەمان کاتدا کاریگەریی دەوروبەر بەسەر خودی ڕەفتارەکانی کارەکتەردا بەدیاربخات، کە زیاتر پانتایی حاڵەتە دەرونییەکانی پێوە دیارە." (دەوڵەت، ٢٠١١، ١٠٤). بێگومان لە کاتی دەرکەوتنی ناوەوەی کارەکتەر و هەست و نەستی بواری لێکدانەوە و ڕاڤە بۆ خوێنەر فراواندەبێت و مەودایەکی بەرفراوانی لە بەردەمدا دەکرێتەوە، لە وەرگرتن یان ڕەتکردنەوەی بیروڕای کارەکتەر ئازاددەبێت.

ڕەهەندی دەرونی هەمو ئەو دۆخانەی کە پەیوەندییان بە دەرونی مرۆڤەوە هەیە، وەک: بیرکردنەوە، هەڵچون، وروژاندن، سۆز، خۆشەویستی، ڕەشبینی، گەشبینی... هتد، تا دەگاتە تێکچونی باری دەرونی و گۆڕان بۆ مرۆڤێکی نائاسایی، ئەمانە لە کارەکتەردا بەرجەستەدەبن و ڕۆماننوس بەهۆیەوە بەشێک لە کەسایەتیی کارەکتەرەکانی پێ بونیاددەنێت و پەیوەندیی کارەکتەر بە خوێنەرەوە پتەودەکات." (شێخانی، ٢٠١٢، ٦٧)، بێگومان هەندێک لەم سیفەتانە پەیوەندیی بە لایەنی جەستەییەوە هەیە، بۆ نمونە نەبون یان کەموکوڕی لە یەکێک لە ئەندامەکانی جەستە ڕەنگدانەوەی لەسەر دەرونی تاک هەیە، هەندێکی دیکەیان پەیوەندیی بە هۆکار

و پاڵنەرە دەرەکییەکان و ژینگەوە هەیە، زۆر جار بەربەستی کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی دروستبونی فشاری دەرونی لەسەر تاک و کارەکتەر. "لە ڕۆمانی نوێ لەبەرئەوەی ڕۆماننوس حەقیقەتی کارەکتەریان لە دیوی ناوەوەدا دەبینێت، ئەوا بەراورد بە دیوی دەرەوە گرنگییەکی زۆریان بەم ڕەهەندەی کارەکتەر داوە و هەوڵی ئەوەیان دەدا لە ڕێگەی تەکنیکی مەنەلۆگەوە ئەو هۆکار و پاڵنەرانە بخەنەڕو کە دەبونە مایەی بەرجەستەبون و چالاکبونی ئەم سیفەتانە لە کەسایەتی و پێکهاتەی کارەکتەردا." (عومەر، ٢٠١٥، ٥٦). ئاشکراکردنی شتە شاراوەکانی ناو ناخی کارەکتەر و هەست و سۆزی وا دەکات خوێنەر بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، پردێکی متمانە لەگەڵ ئەودا بونیادبنێت، ئەمەش وا دەکات ئەو کارەکتەرە بەلای ئەوی خوێنەرەوە پەسەندکراو بێت و بە نەمری لە زیهنیدا بمێنێتەوە.

بەو پێیەی ئەم ڕۆمانە باس لە قۆناغی پاش ئەنفال و دەستپێکردنەوەی ژیان بەتایبەت لە گەرمیاندا دەکات، چونکە قۆناغی سەرەکیی شاڵاوی ئەنفال بەر ئەم ناوچەیە کەوت، بۆیە کاریگەریی دەرونیی ئەنفال و جەنگەکان لەسەر تاکی کورد تەوەرێکی سەرەکییە لەم دەقەدا، هەر بۆیە ڕەهەندی دەرونیی کارەکتەرەکان بەقوڵی کاری لەسەر کراوە، بە واتایەکی دی نوسەر دەوێت بڵێت کاتێک مرۆڤەکان هەستدەکەن تراژیدیا کۆتاییهاتوە و شەڕ وەستاوە، ئەوە کۆتاییهاتنی یەکجاری نییە، چونکە ئاسەواری نەرێنیی ئەو تراژیدیایە لەسەر دەرونی مرۆڤەکان بەردەوامدەبێت.

بۆ نمونە گێڕەرەوەی سەرەکی وەسفی باری دەرونی (سەکینە و مەندان) دەکات، ئەگەرچی باسی ڕوخساریان دەکات، بەڵام ڕوخساریان ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخە دەرونییەیە کە بەهۆی شاڵاوی ئەنفال و بێهاوسەری (بێوەژن)ییەوە تێیکەوتون، بە جۆرێک وێنەیدەکات کە تەواوی تەمەنیان هەر ناخۆشی بوە، وەک دەڵێت: "هەردو بەرگڕەش و دەموچاومۆن بون، بەوە دەچو لە مناڵییەوە خەندەیان بەخۆوە نەبینیبێت، بە گەیشتنیان بۆ خوارەوە، بێ سڵاو و بێ هیچ دەربڕینی هەستێک، یەکێکیان بە کرژی و وشکی ڕوی کردە کچەکان، پرسی کێیە؟ (سەلمان، ٢١٧، ٢٠١٥)، نوسەر لە ڕێگەی ئەم وێنەیەی کە بۆ ئەم کارەکتەرە ژنانەی کێشاوە، پێمان دەڵێت لەڕوی دەرونییەوە هەمیشە خەمێکی شاراوە لە ناخی ڕزگاربوانی ئەنفالدایە، چونکە ڕزگاربوانی ئەنفال بەهۆی ئەو تراوما (زەبری دەرونی)یەی کە بەهۆی ئەنفالەوە توشیبونە، لەڕوی دەرونییەوە بە جۆرێک تێکشکاون تەنیا بە جەستە زیندون، ئەوان مردون، لە لاشەیەکی زیندودا کات بەسەردەبەن، هەمیشە لە دڵەڕاوکێ، شپرزەییدا دەژین و لەگەڵ خودی خۆیاندا نامۆن و لە کێشەی ناوخۆییدا دەژین، کە کاری کردوەتە سەر ڕەفتاری ڕۆژانەیەیان و وەکو جاران ناتوانن پێوەندی لەگەڵ ژینگەکەی خۆیاندا ببستنەوە، ئەوەش وای لێ کردون کە گۆشەگیر بن و لە خەمۆکێکی شاراوەدا بژین، جگەلەوەی بەرگ ڕەشیان ئاماژەیە بۆ لەدەستدانی ئازیزانیان لە پرۆسەی ئەنفالدا، هەربۆیە خەم بوە بە ناسنامەیەیان بەهۆی لەدەستدانی ئازیزانیان.

جگە لەوەی نوسەر لە سەر زاری ئەم کارەکتەرەوە پێمان دەڵێت ڕزگاربوانی ئەنفال بەهۆی ئەو تراوما (زەبری دەرونی)یەی کە بەسەریاندا هاتوە، توانای بڕیاردانیان نییە، بۆیە کاتێک "وەستا" داوا لە "سەکینە" دەکات لەلای بمێنێتەوە، لە وەڵامدا "سەکینە" دەڵێت: "ئێستا جارێک ئێمە کارەساتێکی وەها زلما توشبوە، هەر ئەقڵم لەسەردا نەماوە، ئەتەوێ چیت پێ بڵێم؟ ژیانی ئەو کچەم و دو کچی خوشکەکەم، فەوتا، لەم وەزعەیا،

هیچم پێ ناکرێت و بڕیاری هیچم پێ نادرێت، با ئەوانیش هەڵسن، تاوتوێی مەسەلەکان بکەین و هەر تۆزقاڵێک شتەکانمان لەلا ڕون بێتەوە، ئەوجا قسەی خۆمت ئەدەمێ." ( سەلمان، ٢٠١٥، ٣٥٨) ، بێگومان ئەمەش وەک لێکەوتەیەکی کارەساتی ئەنفالە، "چونکە زەبری دەرونی ئەوکات ڕودەدات کە تێیدا کەسەکان ڕوبەڕوی ڕوداوێکی ناخۆش و کتوپڕ و چاوەڕواننەکراو و لەناکاو دەبنەوە." (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٨، ٩٠)، لە لێکەوتەی ئەم تراوماییەدا هیچ کات ڕزگاربوانی ئەنفال ناتوانن وەک تاکێکی ئاسایی بڕیاربدەن، چونکە لەڕوی دەرونییەوە هەمیشە ڕاڕا و نائارامن، لە دۆخێکی دەرونی شپرزەدان، بۆیە بڕیاردان بۆیان ئاسان نییە.

یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی کە نوسەر ئاوڕی لێداوەتەوە، کاریگەریی تێپەڕبونی تەمەن و هاوسەرگیرینەکردن (قەیرەیی) لەسەر باری دەرونیی ئافرەت بەگشتی و ڕزگاربوانی ئەنفال بەتایبەتی، چونکە هەندێک جار ڕەهەندی دەرونی و کۆمەڵایەتی تێکەڵ بە یەکتر دەبن، یاخود گرفتی کۆمەڵایەتی ڕەنگدانەوەی نەرێنیی لەسەر باری دەرونیی تاک دەبێت، بۆ نمونە گێڕەرەوەی سەرەکی (بابەتی)، باس لە پیربونی کچەکانی سەکینە و مەندان دەکات کە جوانییان بوە بە ئەفسانە و ڕۆژانە یادەوەرییان ئازاری دەرونییان دەدات، چونکە هەمیشە لە چاوەڕوانی دەستگیرانەکانیاندان کە بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتون، بەم جۆرە وێنەی دۆخی دەرونییان دەکات: "...سەقامگیر و تەنهاتر دەبون، تەمەنیان ساڵی دەچوە سەر، گەنجێتییان کاڵ دەبوە و دەبوە یادگارییەکی دور، تەنانەت وێنەیەکی خۆشیان پێنەبو بەراوردی بکەن لەگەڵ ئێستایاندا، جوانییان دەبوە خودی ئەفسانەیەک و ڕاستییەکی ڕوتوقوت و پڕ برین، لە هەمو جێیەک یادەوەریان پەلاماری دەدان، دەژیان، دەیانزانی کە هێشتا هەناسەیان تێداماوە، کە چی بۆنی پیربونیان لە خۆیان دەکرد." (سەلمان، ٢٠١٥، ٢٤٠)، ئەم وێنەیە ئاماژەیە بۆ ئەو بارە دەرونییەی کە ڕزگاربوانی ئەنفال تێیکەوتون، چونکە "جێماوانی ئەنفال چاو لەڕێی هاتنەوەی ئازیزانیانن، خەمۆکی بوەتە بەشێک لە بیرکردنەوە و کاریگەری لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان داناوە،... پاش زانینی ئەوەی ئیتر ئازیزانیان بەیەکجاری لەدەستداوە، واتە ئەو ئافرەتانە لە چاوەڕوانی ئازیزانیان، قەناعەتیان بگاتە کۆتاییهێنان بە چاوەڕوانی، ئەو ڕێژەی خەمۆکییە هەڵکشان و داکشان بە خۆیەوە دەبینێت." (عەبدولڕەحمان، ٢٠١٨، ٩٢)، هەربۆیە ئەم کارەکتەرانە بەدەست ئازاری دەرونییەوە دەتلێنەوە، چونکە یادەوەری پڕئازاریان بەرۆکی بیرکردنەوەی ئێستایان بەرنادات.

"مەردۆخ"ی کارەکتەر یەکێکی دیکەیە لەو کارەکتەرانەی کە جەنگ و ئەنفال ڕەنگدانەوەی لەسەر باری دەرونیی هەبوە بەوەی هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێدا دەژی، وەک خۆی دەڵێت: "من ترسیش لە جێی خۆم هەڵی کەندم، نەک ڕەشبینی، بۆ پەراوێزبونیش، زۆر بەئاگانیم لەوە، لەوانەیە وەهابێت، بابڵێم شتێکی تایبەتی خۆمم هەیە، ناوی لێ ئەنێم ترس، ئەشتوانین ناوی لێ بنێین دڵەڕاوکە، فشاری نادیار... ئەو ناوەی خۆت بە باشی ئەزانی، ئەگینا ترس، وەک ترس نییە، هەر ئەوەندەیە کە ناوی ترم بۆی نییە." (سەلمان، ٢٠١٥، ١٧٤). ئەم کارەکتەرە لەڕوی دەرونییەوە هەمیشە لە دڵەڕاوکێدا دەژی، چونکە ئەگەر ئارامیی دەرونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە واقیعی تاک و کۆمەڵدا ونبو، یاخود دەستەبەرنەبوبێت، ئەوا تاک لە وەها حاڵەتێکدا توشی دڵەڕاوکێ دەبێت، ئەم کارەکتەرەش هەڵهاتوی جەنگەکانە، کۆمەڵگەی پاش جەنگ هەرگیز تاکەکانی لەڕوی دەرونییەوە دروست نین، بەڵکو تاکێکی بیمارن، هەمیشە بەدەست لێکەوتەکانی جەنگەوە لەڕوی دەرونییەوە

دەتلێنەوە، چونکە بەگشتی دوای جەنگ ڕێژەی دڵەڕاوکێ لە کۆمەڵگەدا زیاددەکات و ژمارەی خەڵکی نیگەران لە زیادبوندا دەبن. باوترین و مەترسیدارترین نەخۆشی کە لەدوای جەنگەوە ڕوودەدات، نەخۆشی یان حاڵەتی سترێسە کە لە ئەنجامی بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی جەنگەوە دەردەکەوێت، وەک لەم کارەکتەرەدا دەرکەتوە.

بەهۆی ئەو دۆخەی کە ئەم کارەکتەرەی تێکەوتوە، لەلایەکەوە بەهۆی جەنگ و لەلایەکی دیکەوە بەهۆی نەگەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکان لەڕوی دەرونییەوە توشی ڕەشبینی دەبێت، هەندێک جار دەبێتە هۆی خۆخواردنەوە لەلای تاک: "کاک مەردۆخ، هەر نەزانینی ئەوە، خۆی پێداگرتنە لەسەرلایەنی ڕەشبینیت! تۆ بەدوای شتێکا ئەگەڕای و ئەگەڕێیت، کە دەستت نەکەوتوە ودەستیشت ناکەوێ، گەڕاین و دەستمان نەکەوت، یان هەر هیچ نەبێت دەستمان بەری نەکەوت، ئەوا بەسەر خۆمانا ئەقوپیینەوە و دائەخرێین." (سەلمان، ٢٠١٥، ١٧٦). لەسەر ئاستی قوڵی ئەم گفتوگۆیە دەردەکەوێت مرۆڤ هەمیشە لە چاوەڕوانیی شتێکی نادیاردایە و نازانرێت چییە، هەروەک بەختیارعەلی دەڵێت: "مرۆڤ دواجار هەمو شتێک لە چاوەڕوانی شتێکی نادیاردا دەکات، چاوەڕوانی شتێکی دی. مرۆڤ هەمیشە بە ئومێدی شتێکی دی دەژی، شتێکی نادیار، شتێک ناونانرێت، دەستنیشان ناکرێت، شتێک وادەکات لەپشت هەمو ئەو پلان و بەرنامانەوە بێت کە هەیەتی چاوەڕوانی شتێکی تریش بێت، شتێک زیاتر لەوەی لە ئاسۆکانی ئێستادا دەبینێت." (عەلی، ٢٠٢١، ١٥)، ئەمەش وا دەکات هەروەک "لاکان" ئاماژەی بۆ دەکات: "مرۆڤ ناتوانێت بگاتە پنتێکی جێگیر، ئەوەی بۆی دەگەڕێت هەمیشە دوردەست و نەگیراو دەمێنێتەوە،... بازنەی گەڕان بەدوای سوبێکتێکدا کە لە بازنەی هەمیشەیی خودسازیدایە، داناخرێت... ئەو ناوکەی سوبێکت دەیەوێت بیگاتێت، ناوکەیەکی خاڵییە." (عەلی، ٢٠٢١، ٩٨)، ئەم خاڵیبونەش وا دەکات مرۆڤ دوچاری ڕەشبینی ببێت، هەر بۆیە ئەم کارەکتەرە بەهۆی نەگەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەربارەی خود و بونە توشیدەبێت.

## ٢-٤- ڕەهەندی هزری

ڕەهەندی هزری، بێگومان هیچ مرۆڤێک لە ژیاندا نییە، کە خاوەنی هزر و تێڕوانین نەبێت، بە تێپەڕبونی کات لە ژینگەکەیەوە وەریدەگرێت، لە ڕەهەندی هزریدا بیروبۆچون و ئاراستە و فەلسەفەی کارەکتەر دەردەکەوێت، هەر بۆیە "ئەم ڕەهەندە بایەخێکی گەورەی لە ئاستی پێکهاتەی هونەری دەقدا هەیە، چونکە ئەو سیفەتە جەوهەرییەیە کە جیاوازی دەبەخشێتە کارەکتەرەکان." (عەبدوڵلا، ٢٠٢١، ١١)، ڕەهەندی هزری ڕۆڵێکی گرنگی لە چنینی ڕۆماندا هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی "هەمو پاڵەوان یان کۆمەڵە کارەکتەرێک گۆشەنیگای تایبەت و جیاوازی بەرامبەر بە ڕای پاڵەوانەکانی دیکە دروست دەکەن، لەو جیاوازییە هزرییە کێشەکانی ناو ڕۆمان سەرهەڵدەدن چنینەکە دروست دەبێت"، (شێخانی، ٢٠١٢، ٣١)، واتە گرنگیی بونی ڕەهەندی هزریی بەتایبەتی هزریی جیاواز ململانێی نێوان کارەکتەرەکانی لێ دەکەوێتەوە، چونکە ئەو کێشانەی بەهۆی هزری جیاوازەوە دروست دەبێت، هەندێکجار لەنێوان دو تاک یان لەنێوان دو چینی جیاواز، بەهۆی سەپاندنی تێڕوانینێک لە لایەک و ڕەتکردنەوەی لەلایەن لایەکی ترەوە سەرهەڵدەدات.

لەگەڵ ئەوەشدا بەرجەستەبونی هزری لەلای کەسەکان بە بونی حاڵەتی هۆشیارییەوە پەیوەستە، چونکە هۆشیاری وا لە مرۆڤ دەکات پەی بە شتەکان ببات، "لە ناو ڕۆمانی کۆندا بە هۆی باڵا دەستی حیکایەتخوانی

هەموشتزانەوە کارەکتەر بە ناچاری هەڵگری هزری ڕۆماننوس بو و زیاتر گوزارشتی لە ئایدیۆلۆژیای ئەو دەکرد، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا بە هۆی بونی تەکنیکی فرە دەنگییەوە سەپاندنی ئایدیۆلۆژیای ڕۆماننوس بەسەر کارەکتەر کۆتایی پێهات." (عومەر، ٢٠١٥، ٥٧)، بە واتایەکی دیکە لە خستەڕوی ڕەهەندی هزریدا هەندێکجار نوسەر هەڵوێستی بێلایەنی هەیە بەتایبەتی لە ڕۆمانی فرەدەنگیدا، چونکە کاتێک چەند گۆشەنیگایەک لەناو کارەکتەرەکاندا هەیە، یەک لەوی دیکە جیاواز و سەربەخۆیە، واتە کاتێک گۆشەنیگای جیاواز و فرەدەنگ بو، جیاوازی و سەربەخۆیی کارەکتەر جوانتر دەردەکەوێت.

لەم ڕۆمانەدا کارەکتەرەکان ڕوانینی قوڵیان بۆ ژیان و کێشە و ئازارەکانی مرۆڤ هەیە، ئەم ڕوانینەش لە ڕێگەی وروژاندنی کۆمەڵێک پرسیار و گومانەوە لە کەسێتیی کارەکتەرەکان بەرجەستەبوە، ڕۆماننوس لە ڕێگەی بەشێک لە کارەکتەرەکانەوە گرنگیی پرسیار لە ژیانی مرۆڤدا دەخاتەڕو، بەوەی پرسیاری جەوهەری هۆکارێکە بۆ بەردەوامیی ژیان و گەڕان لەپێناوی گەیشتن بە وەڵامی ئەو پرسیارانە، وەک یەکێک لە کارەکتەرە پیاوەکانی کۆشک دەڵێت: "هەندێجار بنیادەم لە ئاستی خۆی ئەچەقێت، کەچی گەشتێکی وەها دونیا ئەکات، کە هەرچی پرسیارە، لەلای ئەوروژێن، ئەو پرسیارانەی ئەمانژێنن، لە مردن ڕزگارمان ئەکەن، لە ڕاستیشا، لە مردن نییە، ئەوەنەی لە خۆمان دەربازمان ئەکەن، ئەمانبەنە ئەو شوێنانەی وەڵامی ناوەخنی خۆمانی تیایە، کە هیچ کەسێک ناتوانێت چنگی بۆبەرێت، تەنها پرسیارە، کە یەکیەک دێنە پێشێ و ئەوجا دەقاو دەق لە ئاستی خۆیان بە با ئەچن، ئەو پرسیارانەش خۆیان بەو شێوەیەن، کە وەهان، دێن و ئەڕۆن و نامێنن..." (سەلمان، ٢٠١٥، ٢٤٠)، ئەم کارەکتەرە تیشکدەخاتە سەر پرسیارە هەمیشەیی و بێوەڵامەکان لەلای مرۆڤ، وەک: پرسیاری بون و ژیان و مەرگ، هیچ کاتێکیش مرۆڤ ناگاتە وەڵامێک بۆ ئەم پرسیارانە. ئەوەی لە پرسیارکردندا گرنگە، ئەوەیە پرسیار عەقڵ دەوروژێنێت، بەڵام وەڵام بێدەنگیدەکات، بۆیە ئەم کارەکتەرە پێیوایە پرسیار هۆکاری بەردەوامیی مرۆڤەکانە، چونکە "پرسیارکردن ئەو کەناڵەیە مرۆڤ تێیدا و لەوێوە ڕاستییەکان دەدۆزێتەوە و دەیەوێت بە داهاتو بگات. پرسیارکردن هێزێکە مرۆڤ بەرەو داهاتو دەبات و ڕێگە نادات لە نێو ستراکچەرە چەقوەستاوەکاندا بمێنێتەوە." (کەمال، ٢٠٠٤، ١٥١)، جێگەی ئاماژەیە ئەم کارەکتەرە پێیوایە هەر ئەم پرسیارانەشە مرۆڤ بۆ ناو ناخی خۆی دەباتەوە و ناخی دەپشکنێت.

سەرەڕای گرنگی ئەم پرسیارانە ڕۆماننوس لەسەر زاری گێڕەرەوەی سەرەکییەوە ئەوە دەخاتەڕو کە پرسیارکردنی بەردەوامی پرسیارە جەوهەرییەکان هۆکارێکە بۆ لەدەستدانی بەختەوەریی مرۆڤ، بۆیە ئەو مرۆڤانە بەختەوەرن کە ناخیان بەرانبەر شتەکان ناوروژێت و هیچ کات پرسیاریان لەلا دروستنابێت. گێڕەرەوە دەڵێت: "زۆر دواترش کۆمەڵێ شتی لێ ڕون بوەوە، کە ببونە یارمەتیدەری لە دۆزینەوەی وەڵامێکی تاقانەی فرە سەیر: لە ڕاستیدا کەس وەڵام ناداتەوە، چونکو وەڵام هەر نییە، پرسیارەکان خۆیان و خۆیانن، وەک هەسارە لە بازنەیەکی بەتاڵی گەردون دەسوڕێنەوە، پرسیار دەکرێت، پرسیاری دی دەکرێت بە وەڵام، ئەم وەڵامەش دەبێتە پرسیارێکی تر، بەو شێوەیە، هەرکەسە بگاتە ئەو پلەیەی ناخی خۆی بەچاکی و وردی بپشکنێت. ئەوە دەگاتە دەرئەنجامێک، لێ ئەمە وەڵام نییە، دەگاتە ئەوەی کە شتە وروژاوەکانی ناخی هەر کەسە، پابەندە بە شتێکی دەگمەنەوە، شتێک لە ڕەسەنیی یەکەم پرسیاری مرۆڤەوە نزیکە،... ئەوانەشی هیچ

ناوەوەیان ناهەژێنێت، خۆیان بە بەختەوەرییەکی فرە کورت هەڵدەخەڵتێنن، لەوانەیە ئەوەندەی چرکەساتی خوارد سێوێکی پێ بچێت." (سەلمان، ٢٠١٥، ٣٨٦)، بەپێچەوانەشەوە ئەو مرۆڤانەی پرسیاریان دەربارەی دیوێکی تری دونیا لەلا دروستدەبێت، هیچ کات هەست بە بەختەوەری ناکەن، چونکە لە کاتی بەدەستنەهێنانی وەڵامی ئەو پرسیارانەی کە دەربارەی بون و نەبون و هەندێک دیاردەی گەردونن، توشی هەڵچونیان دەکات، ئەمەش وا دەکات توشی جۆرێک لە نامۆییبون دەبن، چونکە "نامۆیی لە بون، مرۆڤ لە بونی خۆیدا ئەو بۆشاییە دەپێوێت کە دەکەوێتە نێوان ژیان و مردنەوە، واتە ئاکامی ژیان مادام بە مردن کۆتاییدێت...، ئەم هەڵوێستە لە زۆر باردا گەڕانە بەدوای وەڵامی کۆمەڵێک پرسیاری فەلسەفیی گرنگ لە بابەتی ئەوەی کە ژیان چییە؟ بونی مرۆڤ لەپێناوی چیدایە؟ مەسەلەی مردن و کۆتایی بون چییە؟ (قادر، ٢٠٠٧، ٧٣)، هەر ئەم پرسیارانەش ئەم کارەکتەرەی توشی جۆرێک لە نامۆیی سەبارەت بە بون کردوە.

خۆشەویستی دیاردەیەکی گرنگی ناو ژیانی کۆمەڵایەتییە، بناغەیە بۆ پێکەوەیی و ئاسودەیی مرۆڤەکان، ئەوەی لەم ڕۆمانەدا جێگەی سەرنجە، "ئادەم" دەیەوێت لەڕوی هزرییەوە بە تێڕوانینێکی جیاوازەوە لەم چەمکە بڕوانێت، ئەویش پاراستنی تایبەتمەندی و جیاوازیی هەر دوجەمسەرەکەیە لەم پەیوەندییەدا، چونکە زۆر جار بون لە پەیوەندیی خۆشەویستیدا دەکەوێتە بەر هەڕەشەی ناڕەسەنێتی، چونکە ئەم جۆرە پەیوەندییە تەقلیدی و ئایدیالییە کە هەیە، جەمسەرەکان لە پەیوەندیی خۆشەویستیدا یەکێکیان دەیەوێت ئەوی تریان لە بونی خۆی دابڕێت، "وردەوردە ئەم پەیوەندییە خۆشەویستییەی کە لەسەر بنەمای ئارەزویەکی سەربەستانە بونیادنراوە، دەچێتە قۆناغی ململانێی بونەکانەوە، ململانێی نێوان خودی من و خودی ئەو، بەوە کۆتاییدێت یان لەناو خۆشەویستییەکەمدا فەنادەبم، یان ئەو لەناو مندا فەنادەبێت، فەنابونی هەر کامێکیشمان بە فەنابونی خۆشەویستی کۆتاییدێت، چونکە چیدی عاشق و مەعشوق بونیان نامێنێت، بەڵکو تەنیا یەک عاشق هەیە، یان مەعشوق." (الحفنی، ١٩٦٧، ١٠٤)، بۆیە ئادەم لەپێناوی فەنانەبونی ئەم عەشقە و بەردەوامبونی هەریەکەیان بە بونی ڕەسەن و تایبەتمەندیی جیاوازی خۆیانەوە بڕیاری ڕۆیشتن دەدات و عەشقەکەیان بەردەوامدەبێت، وەک "ئادەم" دەڵێت: "...پاش خۆکوشتنی خاڵشم، گەورەترین خۆشەویستی فێربوم، لەو شتەسادە تێگەیشتم، کە ئەکرێ کەسێکت خۆش بوێت، بێ ئەوەی موڵکی تۆ بێت، یان تۆ موڵکی ئەو بیت." (سەلمان، ٢٠١٥، ٢٠٢)، بۆیە "بەیانی، لەگەڵ ڕۆژبونەوەدا، ئەم خەونە کورتەی لەگەڵ سەکینە کۆتایی دێت، بەیانییەکەی ئێرە جێ دەهێڵێت، بەتەواوی دەسەڵاتی خۆی ئەم شوێنەی خۆی دروستی کرد و دیداری تاقە خۆشەویستییەکی لێ ناسی دەبێتە شوێنی سەکینە و ئەو ژنانە، دەبێت بە ماڵی تەنیایی ئەو ژنانە، وەستا بەرەبەیان هەڵسا،... تورگەکەی لەشان و ملیدا توندکرد، پێش هەڵسانی ژنەکان، بەهەمان جلەکانی دوێنی سەر شینایی، ماڵەکەی خۆی بۆ ئەوان بەجێهێشت." (سەلمان، ٢٠١٥، ٣٨١)، "لەم ڕۆمانەدا عاشقەکان، مەعشوق جێدەهێڵن تا خۆیان بڕیار بدەن، پاش جێهێشتنیش عاشقەکان سۆزدارانە ناکڕوزێنەوە، بەڵکو بە ئاگاییەوە بۆ عیشقەکەیان دەژین، ژیان لەبەر لەعیشقە، لەسەر زەمینەی باش ژیان بۆ مەعشوقەکەیان وەفادارن، لەبەرئەوە پابەندن بەژیانێکی چاکی پڕ لە خۆشەویستییەوە، بێ خۆشەویستی ناژین، بەڵام بە ماناسازییەوە بۆ خۆشەویستیی دەژین، بۆ ئەوەی ژیان و خۆشەویستییەکەیان مانای هەبێت، ئازادانە دەژین و بڕیار لەبارەی بونی خۆیانەوە دەدەن،

عاشقانی نێو ئەم ڕۆمانە(پابەندێکی نا پابەندن) پابەندن بە عشقەکەیانەوە، بەڵام خێزان دروستناکەن، هەوەسباز و چێژپەرست نین بەو مانایەی بەرپرسیارێتی عەشقەکەیان هەڵنەگرن، بەڵام بەرپرسیار و پابەندیشن بۆگەڕان و چاوەڕوانی مەعشوقەکەیان." (عوسمان، ٢٠٢١، ١٧٨).

بەرجەستەبونی مەرگ و پەیوەندیی بە بون و ژیانی مرۆڤەوە، لەم دەقەدا بەوردی کاری لەسەر کراوە، بەبێ قسەکردن دەربارەی ژیان ئەستەمە لە مەرگ تێبگەین، واتە بەبێ تێگەیشتن لە کاتی بونی ژیان، تێگەیشتن لە مەرگیش کارێکی ئاسان نییە، مرۆڤ تاکە بونەوەرێکە بەمەرگی خۆی هۆشیارە، ئەمەش یەکێکە لەو تایبەتمەندییانەی کە مرۆڤی پێ دەناسرێتەوە، ئەم تایبەتمەندییەش وا دەکات مرۆڤ بە تێگەیشتنی لە مەرگی خۆی بەشێکی جەوهەریی ئینسانیەتی تەواو بکات. لەم ڕۆمانەدا لە گفتوگۆیەکی نێوان "مەردۆخ و ئادەم"دا دەربارەی مەرگ "ئادەم' دەڵێت: "تەماشا بکە، کاک مەردۆخ، من کە خۆم بە مردو دانەنێم، کەس ناتوانێ بە مردو دامنێت، مردن تەنها لە ناخی خۆمانە، لەوەیا نییە کە قاچمان و دەستمان و چاومان لە کار کەوتبن، هەر بۆیە پێشتریش باسی ئەوەم بۆکردی، کە باشترە کەسێکی وەک ئێمە، هەرچی وێنەیە لەلای بەرەو مردن بیبات و لەوڕێیە یان ئامانجی خۆی بدۆزێتەوە، یاخود ئەگەر لێی ڕونە پێی بگات، ئا ئەمەشیان بە مەحاڵ ئەبینم." (سەلمان، ٢٠١٥، ٢٧١)، بە واتایەکی دیکە ئادەم پێمان دەڵێت کەسێک بە تێڕامان لە مردن دەتوانێت ئامانجی خۆی ببینێت، ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەو وتەی "کیرکەرجارد" دەڵێت: "ئەوەی لە مەرگدا گرنگە ئەوەیە کە هۆکارێکە بۆ جیدی بیرکردنەوە، جیدییەتێک کە بەقسەی کیرکەرجارد کەوانی بیرکردنەوەی مرۆڤ وەها ڕاستدەکاتەوە، بتوانێت ڕێک تیری خۆی بە ئاراستەیەک بهاوێت، کە بە بێ مردن و بیرکردنەوە لە مردن ئەو ڕاستکردنەوەیە نەکردە و مەحاڵە." (عەلی، ٢٠١٥، ٢٠٣).

بنەڕەتی بونی مرۆڤ خاوەنی مۆرکێکی کۆمەڵایەتییە نەک تەنیایی، ژیانی بەکۆمەڵ ڕاستییەکە توێژەرانی بواری کۆمەڵایەتی سەلماندویانە، بەڵام ئەمەش بەو واتایە نییە کە ئیدی تاکەکەس بخرێتە ناو سیستەمێکی وشکی داسەپاوی کۆمەڵایەتییەوە کە هەمو چەشنە خودبونێک لەدەستبدات و ئازادییەکانی داگیربکات، تەنیایی لەم ڕەهەندەدا بەوردی کاری لەسەر کراوە، نوسەر پێیوایە تەنیایی دۆخێکی بەبەرهەمە بۆ مرۆڤ، ئەگەر توانیی ئەم دۆخی تەنیاییە بکاتە ساتەوەختێک بۆ تێڕامان و وەبەرهێنان، ئەمەش لە میانەی گفتوگۆی نێوان هەردو کارەکتەری سەرەکی "سەکینە و ئادەم"دا دەخاتەڕو، سەکینە دەڵێت: "تەنیایی ڕوخێنەرە، وەستا، دروستکەر نییە.

وەستا: ئەگەر نامانزانی چی بکەین لە تەنیایی وایا، قسەکەت دروستە... ئێمە کە تەنیاین، سادەترین شت ئەوەیە کە فێر ئەبین تەماشای خەڵکی بسڕینەوە." (سەلمان، ٢٠١٥، ٣٧٧)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت ئەگەرچی تەنیایی سروشتی ڕاستەقینەی هەمومانە، بەڵام هەندێک جار تەواو ئاگاداری ئەو ڕاستییە نین، هۆکارەکەشی ئاسانە، چونکە ئێمە نامۆین بە خۆمان، چاوەڕێناکرێت کە هۆشیاریی ئەوەمان هەبێت تەنیایی خۆمان پەسەندبکەین، ئەوەیان هۆشیارییەکی قوڵتری پێویستە، بۆیە ئەو مرۆڤانەی کە لەڕوی هزرییەوە خاوەن هۆشیارییەکی قوڵن دەتوانن لە تەنیایی بگەن. چونکە ئەوە تێڕامانە لە کاتی تەنیاییدا وا لە مرۆڤ

دەکات تێگەیشتنی بۆ شتەکان و جیهان باشتربیێت و ئەزمونی زیاتر بکات، ئەو کاتەی کە تۆ تەنیایت، دەتوانیت خۆت بدۆزیتەوە و لێی بەهرەمەند بیت، بەهێز و داهێنەر بیت.

هەر لە چوارچێوەی ڕەهەندی هزریدا نوسەر ئاوڕی لە کێشەی واتا داوەتەوە، کێشەی واتا کێشەیەکی بەردەوام و قسەلەسەرکراوە، وەرسکەر و بێزارکەر و خەوزڕێنی پرسی واتا و بێواتایی لە پەیوەندیی بە ژیانی کەسەکانەوە، بەردەوام نیگەرانیهێن و خەمئەفرێنە، پرسی واتا لەم ڕۆمانەدا بەقوڵی کاری لەسەر کراوە، ئەمەش لە میانەی گفتوگۆیەکی نێوان "ئادەم و مەردۆخ"دا دەخرێتەڕو، کاتێک "مەردۆخ" دەڵێت: "بێواتایی مردنە، نەبونی مانا بۆ ئەو شتانەی بەدەورمانەوە ئەخولێنەوە و هەراسانمان ئەکەن، سامناکە، کوشندەیە کەس دەرهەقی ئەوە نایە، سایا خۆمانی لێ ئەکەینە نەبان، یان ئەوەتا قبوڵی بێواتاییەکە ئەکەین، لەم حاڵەشا هەر کوشتنی خۆمان مسۆگەر ئەبێت، چونکو واتا نییە و نابێت، ئەزانی کاک ژینۆ؟ لەو جیابونەوەیەی باست کرد، تاقە شتێک ئەبینم، کە پەیوەستە بە ڕاستی بونمانەوە. ئێمە لەو کاتانەیا ئەتوانین بە چاکی تەماشای خۆمان بکەین، بێ ئەوەی خۆمان هەڵخەڵەتێنین، عانێ دەسەڵاتی ئەوەمان بەسەر خۆماندا ئەبێت، حوکم بەسەر خۆمانە ببڕینەوە… ئەوساتە تەقە چرکەیەکە تیایا، یان بە تەواوەتی ئەگەڕێینەوە بۆ خودی خۆمان، یاخود بۆ هەتا هەتایە لێی جیا ئەبینەوە." (سەلمان، ٢٨٠، ٢٠١٥)، ئەم کارەکتەرە ئەوە دەخاتەڕو کە واتایەکی جێگیر و ڕەها بۆ شتەکان نییە، چونکە گەیشتن بە واتایەکی دیاریکراو ڕەنگە سەرەتای پرسی واتاداربون نەبێت، ئەوەندەی ڕێگەیەکە بۆ گەیشتنمان بە بێواتایی، لەبەرئەوەی واتا بونێکی ڕامنەکراوە و هەر پێوابونێکی مرۆڤ بۆ ڕامکردنی واتا جیا لەوەی دەبێتە پێوابونێکی نالۆژیکی، دەبێتە بنبەست بۆ بیرکردنەوە و خودی ئەو پرۆسەیە، پێویستە مرۆڤ پارێزگاری لە بەردەوامێتییەکەی بکات، بۆیە مرۆڤ هەرگیز ناگات بە واتای کۆتایی شتەکان، جگە لەوەی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کاتێک مرۆڤ لە خود وردەبێتەوە، دەبێت بە دادوەر بەسەر خۆیەوە، ئەو ساتە دەتوانێت ئاشنای خودی خۆی بێت و بۆ خودی خۆی بگەڕێتەوە، ئەگەر لەم ساتەشدا نەیتوانی بۆ خود بگەڕێتەوە، ئەوا بۆ هەمیشە بە خۆی نامۆدەبێت.

هەر لە چوارچێوەی ئەم ڕەهەندەدا نوسەر ئاوڕێکی خێراشی لە ئایین و گرفتەکانی پەیوەست بە ئایینەوە داوەتەوە، باوەڕ بە جەوهەر کێشەیەکی فەلسەفییە، بەردەوام پێویستی بە پێناسەکردنەوە هەیە، بەگشتی باوەڕێکی یەکڕەنگ و یەکبابەت نییە، واتە خاڵێکی جەوهەرییە کە باوەر لە نیسبەتدا ببینین، لەم بارەیەوە بەختیار عەلی دەڵێت: "ئیمان هێزێکی ئاسودەبەخشە، بەڵام ئەو ئاسودەییەی ئیمان دەیبەخشێت، ئاسودەییەکی کوشندەیە گەر لەسەری خەوتین و بە قەڵا و پشت و پەنای ئەبەدیمان زانی. ئیمان لە زانستبێت یان لە ديندا، دەکرێت هەوێنی گەڕان بێت و دەکرێت هەوێنی مردنیش بێت، قومێکی کەم لە ئیمان پێویستە بۆ ژیان، قومێکی گەورەش کوشندەیە بۆ بیرکردنەوە." (عەلی، ٢٠٢١، ٨٨). نوسەر لەسەر زاری "ئادەم"ەوە ئەوەی بۆ خوێنەر خستوەتەڕو کە زۆر خواردنەوە لە ئاوی باوەری ئایینی گرفتە هەم بۆ خود و هەم بۆ کۆمەڵ، ئەمەش کاتێک لە ڕێگەی یادەوەرییەوە بۆ سەردەمی گەنجی دەگەڕێتەوە و باس لە باوەڕی ئایینی دەکات کە چۆن لە خۆی دوریخستوەتەوە، دەڵێت: "حەزیش ئەکەم بۆتی ڕونبکەمەوە، کە زەمانێکی زۆر دور پێش ئێستا، من نوێژم ئەکرد، لەسەر پەیرەوی هەرچی پەیمانێرەکانی مێژوە و بە ماوەی یاسایی نێو هەمو ئاینەکانی ئاسمان و

زەویش، بە ڕۆژو ئەبوم، تا توانیم لە ئاسمان نزیک بومەوە، تا ئەهاتیش لێی دور ئەکەوتمەوە، کە لێشی دور کەوتمەوە، بە چاکی تێبینیم کرد، کە هێکرا هێکرا لە خۆم نزیک ئەبومەوە: بە بڕوای خۆم، ئەگەر بەو قۆناغە سەختە نەچومایە، نەدەگەیشتمەوە بە خۆم." (سەلمان، ٢٠١٥، ٣٠)، ئەم کارەکتەرە پێمان دەڵێت ناکرێت مرۆڤ لە چاوەڕوانیی بەهەشتێکی ئاسمانیدا دەستبەرداری ژیانی سەر زەوی بێت، بونی خۆی فەرامۆشبکات، چونکە لە زۆرێک لە کۆمەڵگەکاندا "ئیمان بە واتای ڕوکردنە خودا و پشتکردنە خود بو، ئاینداران کارێکیاندەکرد مرۆڤەکان تەنیا ڕو لە ئاسمان بکەن و پشت بکەنە زەوی، بیرۆکەی بەهەشتی ئەو دیو زیندەگی، جێگای هەمو خەونێکی دونیایی گرتبوە، ئەم جۆرە تێگەیشتنە لە ژیان تا ئەمڕۆ لە کلتوری ئێمەدا بەرقەرارە، ڕێزنەگرتنی ژیان لە کلتوری ئێمەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕەهەندە دژە دونیاییە." (عەلی، ٢٠١٥، ٧٣)، ئەم کارەکتەرە تیشکدەخاتە سەر ئەوەی بۆ گەڕانەوە بەرەو خود پێویستە لەو جۆرە تێڕوانینە بۆ ئایین دوربکەوینەوە، هاوسەنگی لەنێوان ئاسمان و زەویدا ڕابگرین.

هەر لە چوارچێوەی ڕەهەندی هزریدا نوسەر تەوەرێکی دیکەی بۆ باسکردن لە وێرانە تەرخانکردوە، چونکە شوێنی ڕوداوەکانی ناو دەقەکە وێرانەی پاش ئەنفالە، ئەمەش بەئاشکرا لەسەر زاری ئادەمەوە دەخرێتەڕو، دەڵێت: "سا یان ئەوەتا لە ناو هەناوی وێرانەدا داهێنانی خۆت ئەکەی، یاخود لەگەڵی بەشداری داهێنان ئەکەیت." (سەلمان، ٢٠١٥، ٢٠٠)، پرسیارکردن لە مرۆڤ، پرسیارکردنە لەناو دژییەکان، لەنێوان بونیادنان و وێرانکردن، تواناکانی مرۆڤ لە داهێنان سنوریان نییە، وەک چۆن شەیدایی مرۆڤ لە تێکدان و وێرانکردن و هەڕەشەکردن لە ژیان سنوری نییە، ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەوەی کە بڵێین "بون فرە شێوازە و لە فۆرمی جۆراوجۆردا خۆی دەردەخات، هەرکام لە شێوازەکان خەسڵەت وتایبەتمەندی خۆی هەیە، بون وەکو فینۆمینەیەکی سروشت لە فینۆمینەی جیهان و بونی مرۆڤەوە جیاوازە. فینۆمینەی سروشت دیاردەیەکی ڕاستەوخۆیەو بونی مرۆڤ تەنیا لە ڕوخاندنیاندایە نەک لە بونیادنانا." (کەمال، ٢٠٠٤، ٤٩)، لێرەدا بەشێکی زۆری بونەکان خۆی لە وێرانەدا دەبینێتەوە.

جیاواز لە هەمو ڕوانینە نەرێکان بۆ لێکەوتە خراپەکانی وێرانە، ڕۆماننوس لە ڕێگەی "مەردۆخ"ی کارەکتەرەوە پێمان دەڵێت دەکرێت بە شێوەیەکی جیاواز لە وێرانە بڕوانین، ببێتە هۆکارێک بۆ تێڕامان و بیرکردنەوە، وەک دەڵێت: "باشی وێرانە تەنها لەوەدایە، کە بوارمان ئەدات بە کاوخۆ بیربکەینەوە و مێشکمان بە تێڕامانێکی قوڵەوە خەریک بکەین، چونکو لە کاتی شەڕ و کوشتار بەهەلومەرجی ئەو دۆخەوە ئەبەسترێینەوە... کە بوارمان ئەدات بە کاوخۆ بیریان لێ بکەینەوە، ئا لەم ساتەوەختە و لەم شوێنە گونجاوترت بینیوە بۆ بیرکردنەوە؟ چونکو وێرانە تەنها شوێنێک نییە، ئێرە هەڵگری کاتێکی بەسەرچوە، کە ساتەوەختێک تیایدا ژیان هەبوە و کوژاوەتەوە." (سەلمان، ٢٠١٥، ٤١٨)، بێگومان تراژیدیا چاوی مرۆڤ لەسەر لایەنە شاراوەکانی دەکاتەوە کە فەرمانی بەدکاریی پێ دەدەن، چاوی کەسەکان لەسەر واقیعێکی نەخوازراو دەکاتەوە، ئیدی کەسەکان دوای ئەوە ئازادن کام ڕێگایە دەگرنەبەر. دیارە ئەم تێڕامانەش لە هەناوی وێرانەدا دەکرێت بە هەردو باری ئەرێنی و نەرێنی سەیربکرێت، بەوەی هەمیشە لە دوای وێرانە دەستپێکردنەوە هەیە و دەکرێت

ئەم تێڕامانەش ببێتە هۆیەک بۆ دۆزینەوە و پێداچونەوە، هیچ وانەیەک لە دنیا وەک وێرانە مرۆڤ توشی تێڕامان ناکات، ئەم تێڕامانەش دەکرێت مرۆڤ هانبدات ڕۆڵی لە دوبارە بونیادنانەوە هەبێت.

## ٢-٥- ڕەهەندی ناولێنان

ناولێنان ڕەنگدانەوەی باری سەرنج و جۆری بیرکردنەوە و چۆنیەتیی تێگەیشتن و تێڕوانینی ئەو کۆمەڵەیە بۆ ژیان، بەپێی ئاستی ژیری و کۆمەڵایەتی و شارستانیەت و دابونەریت واتاکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، لەڕوی زانستی سیمۆلۆژیاوە ناوی مرۆڤ وەک هێمایەکی زمانی لە قۆناغێکی دیاریکراودا پەیوەستە بە شیکردنەوەی دەرونی و کۆمەڵایەتی و زمانییەوە، ئەم هێما و نیشانانە ڕۆماننوس بە ویستی خۆی دەیکاتە ناو و ناسنامەی تایبەتی کارەکتەرەکانی، ناوی کارەکتەر لە ڕۆماندا پانتاییەکی فراوانی لە بونیادی هونەریی ڕۆماندا داگیردەکات، لەو ڕووەوەی کە هەر کەسێک لە ژیانی واقیعیدا ناوێکی تایبەتی هەیە، لە ڕۆماندا "یەکەم شت، کە خوێنەر لە هەر کارەکتەرێکدا سەرنجی دەدات، ناوەکەیەتی، گومان لەوەدانییە، ناوی کارەکتەر لە ڕۆماندا بیرۆکەیەک دەبەخشێتە خوێنەر، ڕۆماننوسەکان، بەگشتی هەوڵ دەدەن ناوی کارەکتەرەکان لەگەڵ پێگە و کەسایەتییەکانیاندا بگونجێنن." (یاقوب، ٢٠٢١، ١٣)، هەر لەبارەی گرنگیی ناوی کارەکتەرەوە ڕەخنەگری عەرەب "بەبیل حەمدی ئەلشاهد" دەڵێت: "ناو یەکەمین 'عەتەبە'یە کە خوێنەر لە ڕێگەیەوە جیهانی کارەکتەر دەناسێت، زۆر لە ئەدیبان ناو بە یەکێک لەو کەرەستە هونەرییانە دەزانن کە لە ڕێگەیەوە نوسەر دەتوانێت کارەکتەرێکی زیندو و قایلهێن خەلقبکات." (عەبدوڵڵا، ٢٠٢١، ١٣). بنچینەی هەرە گرنگی هونەری ڕۆماننوسین هەڵبژاردنی ناوی کارەکتەری ڕۆمانەکەیە، ئەمەش بۆ ئەو تێڕوانینەمان دەبات ئەگەر ڕۆماننوسێک ناوی کارەکتەر لەگەڵ خودی کارەکتەر و سەردەمەکەیدا نەگونجێنێت، لە دەقەکەیدا سەرکەوتو نەبوە.

لە بونیادی کارەکتەردا بەهۆی ئەو ڕەهەندانەوەی کە کارەکتەر پێکدەهێنن، کارەکتەر ناوێک هەڵدەگرێت خوێنەر بەهۆیەوە کارەکتەرەکان دەناسێت، ئەم ناوەش دەبێتە ناسنامەی کارەکتەر، هەر بۆیە ئێستا ڕەهەندی ناولێنان گرنگییەکی زۆری پێدەدرێت. لەم ڕۆمانەدا ڕەهەندی ناولێنان وەک بەشێک لە ناسنامەی کارەکتەر بە شێوەیەکی ورد و قوڵ کاری لەسەر کراوە، بەپێی ناوەرۆک و گرفتەکان بەکارهاتوە، سەبارەت بە ناوی کارەکتەر لەم ڕۆمانەدا حەمە مەنتک دەڵێت: "یەکێک لە لایەنە ئیستاتیکییەکانی ئەم ڕۆمانە کارکردنە لەبارەی ناوەوە، ئاشکرایە هەمو کەسێک ناوێکی هەیە، لە ڕێگەی ئەم ناوەوە دەتوانین ناسنامەی دیاری بکەین، ناو وەک ڕەهەندە ناسنامەییەکەی بە پێکهاتە ژێدەرەکانیەوە هەڵگری ڕەهەندی فکری و ئاکارییە،... کارەکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانە بە یەک ناوەوە پەیوەست نین، واتە لەڕوی ناولێنانەوە یەک ناویان نییە، ئەمەش گومان و ڕاڕایی کۆی کارەکتەرەکان لە فەزا و کەسانی بەرانبەریان دەردەخات، ئاریشەی ناو لێرەدا ئاریشەیەکی خودی و کەسییە." (مەنتک، ٢٠٢١، ١٣٢)، هەروەها هەر لەبارەی ڕەهەندی ناولێنانەوە لەم ڕۆمانەدا "سەردار عەبدوڵڵا" دەڵێت: "بەیان سەلمان بایەخێکی زۆر بەوە دەدات کە ناوی کارەکتەرەکان گونجاوی جوگرافیا و زەمەن و فەزای سیاسی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئایدیۆلۆژیا خۆیان بن. هەر بۆیە بەوردی ڕەچاوی ئەو پێوەرانە دەکات، بایەخێکی زۆر بە لایەنی دەلالی دەدات." (عەبدوڵڵا، ٢٠٢١، ٢٠)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت

ناو دەبێت "ئیقاعێکی تایبەتی هەبێت و گونجاوبێت لەگەڵ ژینگە و زەمەنی گێڕانەوەدا." (عەبدوڵڵا، ٢٠٢١، ١٤)، کەواتە نوسەر توانیویەتی گونجاندن لەنێوان ناوی کارەکتەر و ناوەڕۆکی دەقەکەدا بکات.

کارەکتەری سەرەکیی ڕۆمانەکە لەڕوی ڕەهەندی ناولێنانەوە هەڵگری چەند ناوێکە، وەک: ئادەم/وەستا، بەکارهێنانی ناوی "وەستا" بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردو خانوەکە (خانوی ژنەکان و کۆشکی پیاوان) کە شوێنی ڕوداوەکانی دەقەکەیە، وەستا دروستیکردوە، دروستکەری شوێن و دەستپێکەرەوەی ژیانە لەناو وێرانەی دوای ئەنفال و بونیادنانەوەی شوێنەکانی ئەم ڕۆمانە، (ئادەم/وەستا) ڕۆمانەکەش هەر بە ناوی ئەمەوە ناونراوە، لەم ڕۆمانەدا ئادەم لەلای ژنەکان دەڵێت: "پێم بڵێن وەستا." (سەلمان، ٢٠١٥، ٣٤٢)، واتە دەکرێت وەستاش ناوی خۆی نەبێت، چونکە ناڵێت ناوم وەستایە، دەڵێت پێم بڵێن وەستا، دواتر بوە بە "ئادەم"، لەبارەی ناوی ئەم کارەکتەرەوە "هەرێم عوسمان" دەڵێت: "ئادەم یەکەم مرۆڤی یاخییە لە ژیانی بەهەشتیانە، یەکەم مرۆڤە مێژوسازی دەکات، ئەو دەستپێکی ژیانی نوێیە، هاوکات بەوە لە فریشتەکان جیادەکرێتەوە کە خودا دەسەڵاتی ناونانی پێداوە، ناونانیش بریتییە لە خەڵق، ناسین و ناسنامەپێدان، لەم ڕۆمانەشدا 'خۆناونانەوە' بریتییە لە جۆرێک لە خۆدروستکردنەوە و خۆبونیادنان، چونکە دەسەڵاتی خوایانە لە مرۆڤدا هەیە." (عوسمان، ٢٠٢١، ١٧٤)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ناوی ئادەم دەلالەت لە چیرۆکی حەزرەتی ئادەم دەکات سەبارەت بە ئەفراندن و دەستپێکردنی ژیان و هەڵبژاردنی ناولێنان بۆ خود، بە واتایەکی دیکە چۆن ئادەم بە سەرەتای ژیان دادەنرێت، لەم ڕۆمانەشدا کارەکتەری "ئادەم" بە سەرەتای ژیانەوە لە قۆناغی پاش ئەنفال دادەنرێت.

یەکێکی دیکە لە کارەکتەرەکان "پاساری"ی ناوە، ناوەکە پاساری"چۆلەکە" ئاماژەیە بۆ ڕاڕایی دەرونی و گومان لە دەوروبەر، ئەم کارەکتەرە باس لە خودسازی و دەسەڵاتپێدانی ناولێنان لەلایەن "ئادەم"ەوە دەکات، بە کارەکتەرەکانی دیکەی ناو کۆشک دەڵێت: "هەرکەسێک دێتە ئێرە، خۆی ناو بۆ خۆی دائەنێت، لێرە لە دایک ئەبینەوە و خۆمان ناوی نوێی خۆمان دەستنیشان ئەکەین، ئەگەر نازناوێکشمان بۆ هەڵبژێرێ، وەک ئەمەی من، هەر بە ئارەزوی خۆمانە بە خۆمانەوە بیلکێنین یان نا." (سەلمان، ٢٠١٥، ٩٥)، دیارە هەڵبژاردنی ناوی نوێ بە واتای سەرەتای ژیانی نوێ، نەک تەنیا ناوێک بێت و هیچی تر. هەروەها لە گفتوگۆیەکی تردا "ئادەم" دەڵێت: "بڕوانە دەورت، چی ئەبینی؟ کۆمەڵێ پیاوی بێناو ونیشان، تەنانەت ناوەکانیش وەک هی تۆ داهێنراون. ئەبینی؟ کە من باسی سروشتم لەگەڵ کردی، ئائەمە بەشێکە لە بەشداری داهێنان لەگەڵ سروشت دا، کە خۆت ناو بۆ خۆت داهێنی، ناوێک بێت لەگەڵ دۆخی ئێستات بگونجێت." (سەلمان، ٢٠١٥، ٢٠٥)، واتە مرۆڤ چۆن دەتوانێت هۆگری سروشت بێت، لە هەمان کاتدا خولقێنەری خۆشی بێت، ژیانێکی پڕاوپڕ بژی و لە داهێنان بەردەوامبێت، هەروەک لێرەدا دەبینین مرۆڤ لەگەڵ سروشت داهێنان لە ناو دەکات بۆ ئەوەی لەگەڵ زەمەن و قۆناغە مێژوییەکەیدا بگونجێت.

"هیوا/مەردۆخ" وەک یەکێک لە کارەکتەرەکان، سەرەتا نازانرێت ناوی چییە لەلای دایکی، کاتێک دایکی بەجێدەهێڵێت و دەگاتە ماڵی "حاجی تەقی"، خۆی بە "هیوا" دەناسێنێت، دواتر لە کۆشک خۆی بە "مەردۆخ" دەناسێنێت، پاشان لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەبێت بە هەڵگرەوەی ناوی ئادەم و خۆی بە ئادەم دەناسێنێت و

مەرجیش نییە هیچ کام لەم ناوانە ناوی ڕاستەقینەی خۆی بێت. "زۆزان"یش یەکێکە لە کارەکتەرە ژنەکان و لەناو سەرجەم کارەکتەرە ژنەکاندا تەنیا ئەم کارەکتەرە هەڵگری دو ناوە، کاتێک دەگاتە ماڵی ژنەکان، لەلای ژنەکان خۆی بە "بێڤەر" دەناسێنێت، بەڵام دواتر کە دەگاتە کۆشک، لە کۆشکی پیاوەکان خۆی بە "هیوا" دەناسێنێت. هەمو ئەمانەش لە بونی فرەناوی لەلای کارەکتەرەکان لە ئەنجامی گەڕان بەدوای خودی خۆیان و نائارامیی دەرونی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دێتەکایەوە، دەتوانین بڵێین دو ناوی و سێ ناوی لەم ڕۆمانە، ئاماژەیە بۆ داهێنانەوە. کارەکتەرەکان ژیانی پێشویان، کە بە نەهامەتی و شەڕ و کوشتن و بەدکاری بەسەریان بردوە، لە کۆشکدا ناوی تر بۆ خۆیان دادەهێننەوە. کۆشک دنیایەکی بچوکراوەی ناو دنیا گەورەکەی دەرەوەیە، بەڵام جیهانی ناو کۆشک ئاشتی بەرقەرارە. هەر بۆیە، لەم ڕۆمانە، بە پێچەوانەوە، تاقە ناوی ڕاستی هی ئەو شەش ژنەیە کە بەر کارەساتی ئەنفال نەکەوتون و ناوی ڕاستی خۆیان هێشتۆتەوە. وەک ئاماژەیەک بۆ گەورەیی و ڕاستیی ئەنفال کە ڕویداوە و دەبێ بمێنێتەوە نەک ناوی تری لێ بنرێت.

## ئەنجام

١-بەبێ کارەکتەر ڕۆمان چێنابێت، هەر کارەکتەرێک لە چەند ڕەهەندێک پێکدێت، بەبێ تێگەیشتن لەم ڕەهەندانە ناتوانین لە کارەکتەر تێبگەین.

٢-سەرجەم کارەکتەرەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لەڕوی دەرونییەوە بیمارن، لەبەرئەوەی ڕزگاربوی جەنگ و پرۆسەی ئەنفالن، بە جۆرێک ڕەهەندی دەرونی (ڕاڕایی، نائارامی دەرونی، بێمتمانەیی... هتد) هۆکارە بۆ زۆربەی ڕوداوەکانی ناو ڕۆمانەکە و گەڕیدەبونی بەشێکی زۆری کارەکتەرەکانی وەک مەردۆخ.

٣-هەندێک لە کارەکتەرەکان لەڕوی هزرییەوە توشی نامۆیی خودی بو، جگەلەوەی ڕەهەندی هزری ڕۆڵی لە دروستبون و یەکلاییبونەوەی ڕوداوەکاندا هەیە، بۆ نمونە هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە "مەردۆخ" بەهۆی نەگەیشتن بە وەڵامی پرسیارەکانی دەربارەی خود و بون دەبێتە کارەکتەرێکی گەڕیدە و پاشان گەیاندنی پەیامی کۆشکی پیاوەکان بە ماڵی ژنەکان.

٤- لەم ڕۆمانەدا ناولێنان وەک ڕەهەندێکی سەرەکی کاری لەسەر کراوە، بەپێی ناوەرۆک و گرفتەکان بەکارهێنراوە، وەک ناوی "ئادەم/وەستا" ئاماژەیە بۆ دروستکەر و دەستپێکەرەوەی ژیان، هەروەها ناوی "پاساری" ئاماژەیە بۆ ڕاڕایی دەرونی و گومان و ئارامنەبون لە شوێنێک.

٥. هەر یەکێک لە کارەکتەرە پیاوەکان زیاتر لە ناوێکی هەیە، ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ ڕاڕایی و نائارامی، بەڵام سەرجەم کارەکتەرە ژنەکان جگە لە "بێڤەر" تەنیا یەک ناویان هەیە، چونکە گرنگ بوە ئەم ژنانە کە بەر شاڵاوی ئەنفال نەکەوتون و دوای ئەنفال ناویان وەکو خۆی بمێنێتەوە وەک ئاماژەیەک بۆ گەورەیی و ڕاستیی ئەنفال کە ڕویداوە.

# Dimensions of Character pedestal in the Novel "Nights of Adam" by Bayan Salman

**Mariwan Omer Hassan[1] - Ashti Hussein Arif[2]**

[1]Kurdish Department, college of language, university of Sulaimani, Sulaimani, Kurdistan region, Iraq.

[2]Kurdish Department, college of language and education, Charmo University, Chamchamal Kurdistan region, Iraq.

## Abstract

Undoubtedly, Characters are of great significance in novels cannot be written without them. Characters are comprised of a numbers of dimensions which play an important role in making the characters. This thesis attempts to analyze the dimensions of making the characters in the novel using a descriptive analysis method.

Our research consists of two chapters. The first part entitled" theorized the concepts of the research", an account is given regarding the main terms of the study including "dimensions, character, the process of making character, and the types of character in novels". The second part entitled "the dimensions of character pedestal in the novel "Nights of Adam" by Bayan Salman".

**Keywords:** Dimension, Structure, Character.

## سەرچاوەکان


ئەڵوەنی، نجم خالید (٢٠٢١)، گرنگیی کارەکتەر لە ڕۆمانی "یاداشتی عەتر و ئاگر"ی بەیان سەلماندا، هەولێر.

ئیبراهیم، خالید قادر (٢٠١٦)، بونیادی کارەکتەر لە ڕۆمانەکانی "ئیبراهیم ئەحمەد و غایب توعمە فەرمان"دا، زانکۆی چەرمو، کۆلێژی پەروەردە، نامەی ماستەر.

خەیات، ئاری عوسمان، (٢٠١٩)، ڕوانگەی ڕەخنەو ڕوانینی تیۆریی، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.

دەوڵەت، مەریوان عومەر، (٢٠١١)، سیماو خەسڵەتی کارەکتەر لە کورتە چیرۆکی کوردیدا(١٩٢٥-١٩٥٠)، چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

سەلمان، بەیان، (٢٠١٥)، شەوانی ئادەم، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە.

شێخانی، جەوهەر محەمەد (٢٠١٣)، بونیادی کارەکتەر لەڕۆمانەکانی "حسێن عارف"دا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.

عارف، ئاشتی حسێن، (٢٠١٦)، وێنەی ژن لە چیرۆکەکانی (شیرین.ک)دا، زانکۆی چەرمو، کۆلێژی پەروەردە، نامەی ماستەر

عەبدولڕەحمان، بەهادین (٢٠١٨)، کاریگەرێتییە دەروونییەکانی ئەنفال لەسەر جێماوانی، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

عەبدوڵڵا، سەردار (٢٠٢١)، سیستەمی ناو لای ڕۆماننوسانی کورد لە باشوری کوردستان، یەکەم ڤیستیڤاڵی نێودەوڵەتیی ئەدەب، سلێمانی.

عبدلله، محەمەد ئەمین (٢٠٠٠)، شاکەس لە ڕۆمانی کوردیی کوردستانی عێراقدا (١٩٩٠-١٩٩٧)، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی ئاداب، نامەی ماستەر.

عەلی، بەختیار (٢٠١٥)، چێژی مەرگدۆستی، بەرگی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە.

عەلی، بەختیار (٢٠٢١)، لەدەستدانی ئاسمان، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند.

عوسمان، هەرێم (٢٠٢١)، ڕۆمانی "شەوانی ئادەمی"، گۆڤاری وانەر، ژمارە ٢.

عومەر، عەونی ئەمین (٢٠١٥)، بونیادی کارەکتەر لە دو ڕۆمانی "فەرهاد پیربال"دا؛ بە نمونەی مولازم تەحسین و شتی تریش و هۆتێل ئەوروپا، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی پەروەردە، نامەی ماستەر.

کەسنەزانی، بوشرا (٢٠١٢)، ئاستانەی سبەینێ (لێکۆڵینەوەی ئەدەبی)، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

کەمال، محەمەد (٢٠٠٤)، بون و داهێنان، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

گەیلانی، ئەمین، (٢٠٢١)، فەرهەنگی ڕێژگە، چاپی دوەم، هەولێر.

قادر، ئارام محەمەد (٢٠٠٧)، نامۆیی لە شیعری کوردیدا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، نامەی ماستەر.

مەنتک، حەمە (٢٠٢١)، تەکنیکی فرەدەنگی لە ڕۆمانی کوردیدا -کرمانجی خوارو، ساڵی (٢٠٠٠-٢٠١٠)، چاپخانەی لەریا، سلێمانی.

هەژار، (١٣٨١)، هەنبانە بۆرینە، چاپ سێیەم، تاران

یاقوب، عەلی عوسمان (٢٠٢١)، ڕۆمان؛ ژانری تەکنیکە جوانەکان و ڕەگەزە فرەڕەهەندەکان، بەرگی دوەم، سەردەم، سلێمانی.

حجازی، سمیر سعید (٢٠٠١)، قاموس مصطلحات النقد الادبي المعاصر، دار الافاق العربية، القاهرة.

الحفنی، عبد المنعم (١٩٦٧)، الوجودیه فی الحیاة سارتر و فلسفته، دار الکتاب العرب، القاهرة.

الطائی، ابراهیم، (٢٠١٢)، بین قصه الادبیه قصه صحیفیه، بغداد

زیرافا، میشل، (٢٠٠٥)، الروایة والواقع الاجتماعی، ترجمة، سما داود، دار الشؤون الثقافیة العامة.

سماحه، کامل (١٩٩٩)، رسم الشخصیة في روایات حنا مینه، دار فارس الفارس للطباعة و النشر و التوازیع.

عزام، محمد (٢٠٠٥)، شعریة الخطاب لسری، من منشورات اتحاد الکتاب العرب،دمشق.

فوستر، ا. م. فورستر، (١٩٩٤)، ارکان الروایه، ت: موسی العاصی، مطبعه دارجروس برس، گرابلس، لبنان.